چیرۆک

# کڵاوی بابردوو

چیرۆک

# کڵاوی بابردوو

## مقداد شاسوار

چاپی یەکەم
هەولێر - 2001

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی
کوردستان ت. «٢٢٢٩٩٩٢»

e.mail:mukriani@yahoo.com

- کتێبی ژمارە: «٦١»
- کتێب: چیرۆک/ کڵاوی بابردوو
- نووسینی: مقداد شاسوار
- هونەرکاری: قاسم قادر
- چاپی یەکەم: هەولێر – ٢٠٠١
- ژمارەی سپاردن «٢٥٤»ی ساڵی ٢٠٠١دراوەتێ.
- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر

# پێڕست

## پێشەکییەکی کورت..

سەرەتاکە هەستم کرد. دەردو ئازادی غەریبی و، خوێندنەوەیەکی زۆر وای لێکردووم هیچ چارەیەکم نەماوەو دەبێ «بنووسم» و بۆ نووسینیش بێجگە لە زمانی «فارسی» هیچ زمانێکی ترم نەدەزانی. بۆیە هەر بەو زمانە دەستم دایە نووسین. شیعر و چیرۆکم بەیەک ئەندازە خوێندبۆوە، بەڵام نازانم بۆ بەلای نووسینی چیرۆکدا، کەوتم و لە خوێندنەوەی شیعریش بۆ رەوانتر بوونی زمانی چیرۆکنووسیم بەردەوام بووم.

بەپێی هەندێ «خەڵاتی» نارەسمی و. راووبۆچوونی رەخنەگران کە لەسەر چیرۆکەکانم بڵاوبوونەوە، دیاربوو تارادەیەکی باش پێشکەوتنم پێوە دیاربوو. چونکە زۆربەی رەخنەگرەکان لەو بڕوایە دابوون «لە داهاتووی ئەدەبیاتی فارسیدا شوێنی ناوێکی سەرکەوتوو لە بواری چیرۆکنووسیدا داگیر دەکەم» کەچی من هزرو هۆشم بەوەوە خەریک بوو کە «خۆزگە شوێنی دوا ناوم لە لیستی چیرۆکنووسانی کورد پێ دەبڕا»، بەڵام هیچ چارەیەکم نەبوو بێجگە لەوەی بە زمانی فارسی بنووسم، تا ئەو کاتەی لە کۆڵ قوتابخانە بوومەوەو، پەیوەندیم بەشۆڕش کرد لە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەراستیدا، ئەوێ بۆم بوو بەقوتابخانەیەک تا لێیەو فێرە کوردی خوێندنەوەو کوردی نووسین بم. بۆیە بیرۆکە و دارشتنی زۆر لەو چیرۆکانەی بەر دەست دەگەرێنەوە بۆ قۆناغی یەکەمی کوردی نووسینم. لە دوای گەڕانەوەشم بۆ کوردستان بەکەمێک رتووش و دەستکاری لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بلاوبوونەوە.



منیش وەک پێم خۆشە رێز لە راووبۆچوونم بگیرێ، هەوڵمداوە رێز لە هەموو راووبۆچوونێک بگرم. لە کۆتاییشدا ئەوەندە دەڵێم؛ تا ناخی دەروون حەزم بەنوێخوازییە و چیرۆکیش بەمەتەڵێکی درێژ نازانم کە خوێنەر دەبێ هەڵی بێنێ... چیرۆک هونەرو تەکنیکی خۆی هەیەو.. هەڵگری پەیامێکی پیرۆزیشە....

**لەگەڵ رێزمدا – شاسواری**

**هەولێر – هاوینی ٢٠٠١**

# دەمکووت

ـ فەرموو کاکە ئیشێکت هەبوو؟

هەستی کرد هەر چوار ستوونی جەستەی لێک ترازان و خەریکە هەڵئەوەشێ «ئەوە بۆ وام لێهات»؟!

سەیرێکی کاغەزە لوولدراوەکەی دەستی کرد. لەم گەرمای هاوینە دا، ناو دڵی سڕ بوو لەسەرما. هاوکاتیش گەرماییەکی لینج خزایە بن پێستی دەموچاوی. «جا ئەم هەموو شەرمەی بۆچیە؟ ئەو پۆلیسە چوزانێ من یەکەم جارمە...» هەوڵیدا ئارامیە شڵەژاوەکەی بگەڕێنێتەوە.

«هێشتا هەر نەچوومەتە ژوورەوە...»

ـ فەرموو کاکە ئیشێکت هەبوو؟

ـ بەبەبەڵێ کاکە!... بابەتێکم هێناوە بۆ رۆژنامە... بۆ چاپ ئەگەر...

دەرگەوانەکە بە هەندێک رێزەوەو بە کەمێک سەیرە تێڕامانێکیشەوە ـ لەسەر رێگای لاکەوت.

ـ فەرموو مامۆستا... بڕۆ پرسگە!

ـ باشە... زۆر سوپاس!

لە چەند پلەیەکی پەیژە بتوونیەکە سەرکەوت. لەناو چوارچێوەی دەرگای پرسگەدا هەلوەستەیەکی کرد. هەندێک سەر سام بوو. ژوورەوە زۆر کەسی دیکەی لێ بوو. لە جەنجاڵبوونی ژوورەکە



هەناسەی هاتەوە سەرخۆ!

ئەو بەردەوام لە کپی و بێ دەنگی دەترسێ. نازانێ بۆ. بەڵام بۆتە بەشێک لە پێکهاتە دەروونیەکەی. بەدەست خۆی نیە.

بەڵام لە ژووری پرسگەدا، کە بینی، هەرکەس رووی دەمی کردۆتە ئەو کابرا لەڕولاوازو ـ کەمێک رەزا قورسەی ـ لە پشت مێزەکە دانیشتووەو، کەس ئاگای لەو نیە، کە لە ناو چوارچێوەی دەرگا دا وشک بۆتەوە، خوێنی وەجووڵەکەوتەوە. نیگای کورسیەکی بەتاڵی بەدی نەکرد لە سەری روونیشێ. گوێی شل کرد بۆ قسەکان .

ـ کاکی برا، تۆ تەلەفۆنێکی بۆبکە، پێی بڵێ حەوێز هاتووە لە مەڕ ئەو بابەتەی کە لە ژمارەی دوێنێ بڵاوکرایەوە... خۆی دەزانێ...

ـ براگیان! من بۆ ئەوە هاتوومە بزانم بابەتەکەی دوێنێم بۆ وا بە نارێکی بڵاوکرابۆوە.. هەڵە چاپییەکانی لەوشە راستەکانی زیاتر بوو... ئاخر ئەوە چۆن دەبێ؟!...

ـ دێرێکی شیعرەکەم لە چاپ پەڕیبوو کاکە... هەرچی مەعناو جوانی شیعرەکەش هەیە لەناو ئەو دێرەدابوو... من بەڕاستی لەم وەزعەیا گلەییم هەیە...

ویستی چۆن بە ئەسپایی تا ئێرە هات و لەناو چوارچێوەی دەرگای پرسگەدا چەقی، ئاوهاش بەبێ دەنگی پاشەکشێیەکی لێبکات و بۆی دەرچێ.

«دیارە ئەمە شوێنێکی باش نیە من بۆی هاتوومە. دوایی بابەتەکەم بەنارێکی بڵاوببێتەوە کارێکی سلبی دەکاتە سەر ئابڕووی رۆژنامە نووسیم»!

سێ شەوانە رۆژ، خەریکی نووسین بوو، تا یەکەم هەوڵی نووسینی، بۆتە ئەم چەند کاغەزە لوولدراوەی دەستی.

ـ فەرموو کاکە جەنابت...

ـ من ؟!

هەموو ئەو قەرەباڵغیەی ژوورەوە لە پڕێکا کپ بوو. وەک ئەوەی قوڕقاپێنەیان کردبێ. هەستی کرد، پێیەکانی، بێ فەرمانی ئەو، چەند شەقاوێک بەرەو ئەو کابرا لەڕولاوازو ـ کەمێک ڕەزا قورسە ـ ی پشت مێزەکە ڕۆیی، دیسان سەرمایەکەی بەر دەرگای دەرەوە، کەوتەوە ناو دڵی سەیری بەرپێی خۆی کرد، وایزانی دەستی ئەوەندە شۆڕ بۆتەوە کەوتۆتە بەرپێی. بەڵام نا... دەستی هەر لەشوێنی خۆی بوو.

ـ من وتارێکی سیاسیم هێناوە.. بۆ لاپەڕەی...

ـ لەبارەی چییە ؟

نووسەرە سیاسیەکان، دەبێ بەدڵ و بوێرتربن لە شاعیرو ئەدیبەکان! پێکهاتەیان وایە! دەبێ چاو نەترستر بن، نیگا ئاشوفتەکەی سەرگەردان کردەوە تا گەشتێکی خێرا بە سەر دەموچاوە مت بووەکانی ژوورەکە دا بکات و بگەڕێتەوە سەر کاغەزە لوولدراوەکەی دەستیەوە.

«ئەو هەمووچاوە چیە سەیری من دەکەن؟!...

ـ کاکە وتارە سیاسیەکەت لەبارەی چیە برام؟!

ـ لە بارەی دەست تێوەردانی...

ـ زەحمەت نەبێ...

دەستەبەتاڵەکەی درێژکرد، کابرای پشت مێزەکە زەردەخەنەیەک گرتی و گوتی:

ـ کاغەزەکە لە دەستەکەی دیکەتە!..

ـ ئا... ببوورە!

دەستی وەکو کێشێکی قورس بەرزبکاتەوە، کاغەزە لوولدراوەکەی بەرز کردەوە و دایە دەستە درێژبووەکە. بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو کاغەزەکە بۆ خۆی گەڕایەوە.

ـ ئەمە بڵاو ناکرێتەوە کاکە! تەنگژەی نێوان ئێمە و ئەو وڵاتە هەتا



ڕادەیەک چارەسەرکراوەو نابێ شت لە بارەیانەوە بنووسرێت..

«ئەو تەنگژە گەورەیە لە شانسی بابەتەکەی من چارەسەرکرا..»

ئەو گلەییەی هەر لەخۆی کرد وەنەبێ کەس گوێی لێ بوو بێ.

«بەڵام ئەو هەر نەیخوێندەوە»!

کاغەزەکەی هەر بەلوولدراوی دڕاندو فڕێی دایە ناو ئەو سەبەتە زبڵەی لە لێواری جادەکە دانرابوو.

***

بە پێچەوانەی هەفتەی پێشووتر، بێجگە لە فەرمانبەری پرسگە، کە ئەویش بە تەلەفۆن خەریکی ئاخاوتن بوو، کەسێکی تر لە ژوورەوە نەبوو. ئەمەیشی لێ بووە مایەی دڵخۆشی.

«بشپارێمەوە بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکەم، خۆ کەسی لێنیە شەرمی لێبکەم»! بێ ئەوەی کەس پێی بڵێ لەسەر کورسیەک ڕۆنیشت. فەرمانبەرەکە، کە هەمان کابرای لەڕولاوازو ـ کەمێک ڕەزا قورس ـ بوو هەر خەریکی ئاخاوتن بوو:

ـ جاهی تۆ نۆبەتی بۆچیە... خۆت مەخەرە زەحمەتەوە، هەر بابەتەکەت بە کەسێکا بنێرە خۆم ئەیدەمە... نانا... موشکیلە نیە، ئەو قسەیە چیە! بابەتی تۆ بێ و چاپ نەکرێ! باوەڕت هەبێ بەس لەوشتانەی لای خۆت گۆشە چاوێکت لێمان بێ، لەنزیکترین ژمارە بابەتەکەت دائەبەزێ! خۆیان لێرە چاکی دەکەن.. ئا ئا دایدەڕێژنەوە.. ئەی ئەو هەموو نووسەرە کاریان چیە لێرە... حەز ئەکەی وێنەیەکی خۆیشت بنێرە... بەڵێ بەڵێ ڕەش و سپی... توخوا یەک دەقە...

ـ فەرموو کاکە...

وا یزانی ئەیناسێتەوە. بەڵام دیار بوو بەهەڵە داچوو بوو.
کاغەزێکی دەقکراوی لە گیرفانی دەرکردو دایە دەستی.

ـ بابەتێکی سیاسییە! لە چەندین سەرچاوە سوودم وەرگرتووە. هەموو سەرچاوەکانیش باوەڕپێکراوو خۆیین!..

بە دەستێک تەلەفۆنەکەی گرتبوو، بەدەستەکەی دیکەیشی دەقی کاغەزەکەی لێک کردەوەو چاوێکی خێرای پێداخشاند:

ـ ئەمە بڵاو ناکرێتەوە...

ـ بۆ؟

ـ بۆی بۆچییە کاکە... ئەم تەرزە بابەتە لەهیچ شوێنێ بڵاوناکرێتەوە! کوا سەردەمی ئەم قسانە ماوە...

کاغەزەکەی هەر بەدەقکراویی دڕاندو فڕێی دایە ناو ئەو سەبەتە زبڵەی لە لێواری جادەکە دانرابوو.

***

لە ژووری پرسگە، تەنها دوو ئافرەت لە حاڵەتی چاوەڕوانیدا دانیشتبوون. یەکێکیان سەر پەنجەیەکی بە قونکی چاویدا هێناو رووی لە ئەوی دیکەیان کرد و گوتی: خاوێن بۆوە...

ئەویش گوتی: خەراپترت کرد، هەر وازی لێ‌بێنە!

پشت مێزەکە بەتاڵ بوو.

ـ ببوورن کەسی لێ‌نیە؟

یەکێکیان بە هەندێک توڕەییەوە گوتی!

ـ بۆ، چاوت «کەس» نابینێ!

سەیرێکی پشت مێزەکەی کردو گوتی:

ـ ببوورن مەبەستم...

بە فیزێکەوە وڵامیان دایەوە



ـ دەرچووە... ئێستا دێتەوە!

پێی خۆش بوو فەرمانبەرەکە، ئەوەی دووجاری پێشووتر نەبێ. وای بۆ دەچوو دژایەتی بکات! بەڵام کە گەڕایەوە هەر ئەو بوو. ئەویش ئەمی ناسییەوەو بە روویەکی کەمێک کراوە تر لە جاران گوتی:

ـ خوا بکات ئەمجارەیان شتێکی بەکەڵکت هێنابێ!

ئینجا رووی کردە ئافرەتەکان

ـ ئێوە فەرموون بۆ سەرەوە... چاوەڕێتان دەکات!

رووی کردەوە ئەم:

ـ بزانم چیت هێناوە؟

دیسان چاوێکی بەخێرایی پێداخشاند.

ـ تۆ لەوە دەچێ گوێ لە هەواڵ و دەنگوباس رانەگری! ئەی نازانی شەوی رابردوو وەفدی هەردوولا پێکەوە دانیشتوون و شاڵاوی راگەیاندن راگیراوە؟!

بۆ ساتێک لە دڕاندنی بابەتەکەی دوو دڵ بوو.

«کورتە ماوەیەکی ترە دیسان هێرشی راگەیاندن دەست پێدەکاتەوە. خۆ ئەمە جاری یەکەم نیە... با هەڵیگرم»

بەڵام ئەم بابەتەیشی دڕاندو فڕێی دایە ناو ئەو سەبەتە زبڵەی لە لێواری جادەکە دانرابوو.

***

ـ وازم لە نووسینی بابەتی سیاسی هێنا! ئەمجارەیان شیعرێکم نووسیوە!

فەرمانبەرەکەی جاران، بە زەردەخەنەیەکەوە دەستی بۆ کاغەزەکە درێژ کردو گوتی:

ـ ئێ باشە... ئەیدەمە لاپەڕەی شیعر...

تەوقەیەکی لەگەڵ فەرمانبەرەکە کردو بەخۆشحاڵیەوە دەرچوو.

سەیرێکی ئەو سەبەتە زبڵەی کرد لە لێواری جادەکەیا دانرابوو.
بزەیەک نیشتە سەر لێوی.

«ئەنجامی کۆڵنەدان سەرکەوتنە»!

لەدوای تێپەڕبوونی دوو هەفتە، شیعرەکەی هەر بڵاونەکرایەوەو، بێزاری و نا ئومێدی وردە وردە خزایە ناو دڵ و دەروونی.

هەرکەس لێی دەپرسی: ئەی کوا شیعرەکەت؟

ئەویش دەیگوت «لەوانەیە بۆ ژمارەیەکی تایبەت هەڵیانگرتبێ»!

دوا ژمارەی کڕی و بەخێرایی لاپەڕەکانی هەڵدایەوە.

«ئەگەر لەم ژمارەیە شیعرەکەم بڵاو نەبووبێتەوە...»

نەیزانی هەڕەشەکەی چۆن درێژە پێ بدا.

«ئاخر چۆن وا دەبێ؟!»

لە شوێنێک نەیزانی چاوی رەشکەوپێشکەی کرد یان بەڕاستی ناوی خۆی کەوتە بەرچاو.

«لەبەر ئەوەی شیعرەکەت لەگەڵ کەشی سیاسی ئێستادا گونجاو نەبوو، بۆ بڵاوکردنەوە نەشیا! چاوەڕوانی بەرهەمی گونجاوترتان دەکەین»!

چاوی بەدوای سەبەتەیەکی زبڵ دەگێڕا، تا رۆژنامە دڕاوەکەی دەستی فڕێ بداتە ناویەوە...

## دووریانی عەشق

ئەم رۆژگارە هەندێک جار، زۆر بە دڵڕەقی لەگەڵ مرۆڤدا دەجوولێتەوە. دەتخاتە چەقی دووریانێک و بە سەرگەردانی جێت دەهێڵێ.

لەو دوورەوە دەوەستێ و تەماشات دەکات. تۆیش گێژ دەبیت.

نیگات دەبێتە مارێکی سەر لێشێواوو بەسەر رێگای یەکەمدا دەخزێت و هەر زوو لوول دەخواو دەگەڕێتەوە، ئەوجا دەخشێتە سەر رێگای دووەم. هەمیسان دەگەڕێتەوە. دڵت دەبێتە دوو لەت و دەکەونە زۆرانبازی. دەکەونە بگرەو بکێش. تۆیش دەبیتە جەستەیەکی لەرزۆک و هەموو هەستەکانت دابەش دەبن، پەرتەوازە دەبن و بۆت کۆناکرێتەوە.

تازە دەزانی بڕیاردان هەروا ئاسان نیە. بە بەردەوامی ژیان، دەبێ لە هەڵبژاردنی دووریگادا، یەکێکیان بە قوربانی ئەوەی تریان بکەیت. جار وایە شانست دەهێنێ و ڕێگا هەڵبژاردەکەت دڵخواز دەردەچێت. جاریش وایە پەنجەی پەشیمانی، تەمەنێک لە کەلێنی ددانەکانتدا گیر دەخواو بێ سوود هەر دەیگەزی. کە منداڵیت لێت دەپرسن «دایکتت خۆشتر دەوێ یان باوکت» ئەوجا تۆ نازانی دەرگای دڵت روو لەکامیان بکەیتەوەو لەسەر کامەیان دایبخەیت. نیگای پاک و منداڵانەت بەسەرچاوە میهرەبانەکانی دایکت و سیمای ماتی باوکتدا، حەیران و سەرگەردان دەبێت. ئێستایش نەک هەر زمانم، بگرە مێشک و هەست و گیانم هەمووی لوولی خواردووە. بۆتە



مارێک و لە دەوری گەردنم پەپکەی داوە.

ـ تۆ نەسرینت خۆشتر دەوێ یان....

چوومەتەوە ناوەوەی خۆم. لە ناو تاریکایی ژوورەکەمدا، چاوم بەدوای کاتژمێرە دیوارییەکەدا دەگەڕێ. میلەکان نابینم. تەنها گوێم لەچرکە چرکەیەتی. کات دەژمێرن و دەڕۆن. کەوتوومەتە ناو مەنگەنەوە. رۆژگارە، وەک تارماییەکی تۆختر لە تاریکی ژوورەکەم، ئەوەتا لەو دوورە وەستاوەو دەیبینیم بزەی لێوبەتی.

ـ تۆ نەسرینت خۆش تر دەوێ یان...

وام دەزانی کۆشکی ئەڤینی من و نەسرین بۆتە شاخێکی کۆنکرێت و هیچ هێزێک نایجوڵێنێ. ئای لەم رۆژگارە چاوچنۆکە. دەمانگوت دەبێ کەس هەبێ ئێرەییمان پێ ببات و چاوی بینینی ئەم خۆشەویستیە بێ گەردەی نەبێ؟ دەمانگوت دەبێ ئێمە سەر لەنوێ ئەلفو بێی عەشقێکی تازە داهێنین تا لەزەمەنی بەرەو رۆبووت بوونی مرۆڤ و بەلاستیق بوونی دڵ، خەڵکانێک فێرە ئەڤینداری بکەین.

لەناو تاریکایی ژوورەکەمدا، چاوم بەدوای ئەو کاتژمێرە نەفرەتیەدا دەگەڕێ کە بەدیوارەکەی بەرامبەرمدا هەڵواسراوە.. میلەکانی نابینم. تەنها گوێم لەچرکە چرکەیەتی. هەر چرکەیەک، هەنگاوێک بەرەو چەقی دووریانەکەم دەبات. قەت نەمدەزانی رۆژێک دادێت خۆم، بەدەستی خۆم ئەم کۆشکە کۆنکرێتیە لە بناغەوە هەڵتەکێنم.

بەڵام ئەو رۆژە هات. لە خەیاڵی ماندوومدا دەگەڕێمەوە جێ ژوانەکانمان.

ئەو جێیەی هێشتا پیرە دارەکە، ناوی هەر دووکمانی لەناو دڵێکدا هەڵگرتووە.

ـ ئاری؟

- چیە نەسرین؟
- من وتۆ لەسەر زەویدا سنوورێکمان لە نێواندا هەیە، وایە؟
- وایە نەسرین.
- تۆ پێت وایە خۆشەویستیمان دەتوانێ ئەم سنوورە بسڕێتەوە؟!

ئای چۆن وڕوگێژی کردم. دەبوایە لەو ڕۆژەدا هەست بەمەرگی ئەو خۆشەویستیە بکەم. دەبوایە هەر ئەوسا، بەئەسپایی بکشێمەوە.

چۆن هۆشم سندم کرابوو و بیرم لەو سنوورە نەکردبۆوە! چ جیهانێکم لەناو چاوە هەنگوێنییەکانی نەسریندا بەدی کردبوو! لە چ بەهەشتێکا دەژیام دڵ و مێشکم ئاوها لە خزمەت عەشقی ئەودا کەوتبوونە سەر ئەژنۆ! دەبێ ئەڤین ئەوەندە گەورە بێ؟

- بۆ بێ دەنگی ئاری؟!

نەمزانی بڵێم چی! پرسیارەکەی زۆر بێ وێژدانانەبوو. من ڕەگ و ریشەم پەیوەستە بە خاکێک لەو دیو سنوور! دڵم دەیگوت «ئا... خۆشەویستی توانای سڕینەوەی هەموو سنوورێکی خاکی هەیە»! بەڵام کەسێک، نا، هەستێک، یان خودی خۆم بووم لەناو کەللەی سەرمدا دەمگوت «نا... با خۆمان هەڵنەخەڵەتێنین! مرۆڤی بێخاک سەرگەردانترە لەوەی توانایەکی وای هەبێ! مرۆڤ دەبێ هەر دوو پێی، پتەو موکم لە سەر خاکێک دا بچەقێنێ و هێز لە خاکەوە وەربگرێ...

- ئاری...؟
- چیە نەسرین؟
- سۆزم بدێ جێم نەهێڵی! با گوڵی ئەڤینمان هەمیشەیی بێ و هەڵنەوەرێ...

ترس و گومان لە ناوقسەکانیدا دەتکا وەک چۆن هەنگوێن لە چاوە جوانەکانیدا دەتکا! لەم دواییەدا هەستم دەکرد هەنگوێنی



چاوەکانی تەڕن... فرمێسکاوین...
- نەسرین!
- چیە ئاری!
- من بیستوومە هەنگوێن خەم ئەتاوێنێتەوە. بەڵام هەنگوێنی چاوەکانت خەماوین... بۆ نەسرین؟..
- شەوانێکە خەونەکانم پەشۆکاون ئاری... خۆ ئەڤینی من و تۆ فلیم نیە کۆتایی هەبێ... هەیەتی ئاری؟..

....

ڕۆژێکی بەهاریی خۆش بوو. لەبن سێبەری فێنکی گەڵا میهرەبانەکانی دارە پیرەکەدا دانیشتبوین و پاڵمان بەیەکەوەدابوو و ئارام ئارام وڕێنەمان دەکرد. هەستمان دەکرد کەوتووینەتە نشێویەکی تووشەوەو دەخزاین بەرەو لێک ترازان...

- نەسرین؟
- چیە ئاری؟
- تۆ باسی سڕینەوەی سنووری سەر زەوی دەکەیت. وایە؟
- وایە!
- ئەی بۆ داوام لێ دەکەی جێت نەهێڵم!
- تێناگەم ئاری!..
- ئەگەر بچمەوە ئەودیو سنووریش کەخاکی منە و زێدی منەو تۆیش بێیتە ئەوێ، هیچ جیاوازیەکی بۆت هەیە کە خۆشەویستیمان سنوورەکەی سڕیبێتەوە؟!

مت بوو. ناو چاوە هەنگوێنییەکانی پڕ بوون لە هێمای سەر سوڕمان.

ئەگەر سنوورێکی خاکی نەبێت، جێهێشتن و لێک جیا بوونەویش نابێت. عەشقیش نابێتە دوو لەتی لێک ترازاو.

ـ من لێرە لە دایک بوومە ئاری! لە ئامێزی ئەم خاکە! تۆیش هەر لێرە لەدایک بوویتە! لەمبەر سنوور، لە ئامێزی ئەم خاکە! کەوابێ دەکرێ ئێرە خاکی تۆیش بێ...

ئەم بۆ چوونەی ئەو، دەریای پاکی خۆشەویستیمانی لێڵ و شێلوکرد. ئەو دەبێ بڕوا بێنێ خاک و وڵاتی من لەو دیو سنوورە. ئەمە ئامێزێکی ساردەو گەرمایی و میهرەبانیی دایکانەم پێ نابەخشێ. هەرگیز ئێرە نابێتە خاکی من.... بۆنی دایکم بۆنێکی ترە... بۆنی گوڵە نێرگزی لێدێ...

ژوانەکانمان هەر دەهات و بێ ڕەنگتر دەبوو. سنوورەکە هاتبووە جێ ژوانمان. وردە وردە وەکو مارێک، بێ خشپە، دەهاتە بن سێبەری پیرە دارەکەو لە نێوان هەردووکمان رادەکشا.

ـ نەسرین؟

ـ چیە ئاری؟

ـ من لە باوەشی گەرمی عەشقی تۆدا بێ خاکم. بێ ریشەم. پەڕێکی بێکێشم لە بۆشایی نێوان عەرد و ئاسماندا...

ڕۆژگار، بێ بەزەییانە، پەنجەی ئاڵاندبووە قورگی نەمامی ئەڤینمان و خەریکی هەڵکێشانی بوو. ئیستا ئیتر لە خۆم دەپرسم:

«نەسرینم خۆشتر دەوێ یان...

بۆ دەبێ نەسرینم خۆش بوێ! بۆ دەبێ ناچار لێی جیاببمەوە! کێ منی خستە نێوان دوو عەشقەوە؟ ئەوە کێیە ناچارم دەکا لە هەر دووکیان یەکێک هەڵبژێرم و چەقۆ لە ملی ئەوەی تریان بخشێنم و تەرمەکەیشی بنێژم!

گومان بوو یان ترس، هەموو قەوارەی بوونمانی داگرتبوو. ئیتر شوێنێک نەما بۆ دالدەدانی ئەڤین...

ـ ئاری؟



ـ چیە نەسرین؟

ـ تۆ هێشتا منت خۆش دەوێ؟ وەک بەرێ؟ وەک جاران؟ ....

لە ماڵەوەماندا، ماوەیەک بوو عەشقێکی تر سەری هەڵدابوو. عەشقێکی هاوبەش. زووتریش ئەو عەشقەم دەناسی، بەڵام ماوەیەکە هەست دەکەم گەورەتر بووە. ئازایانە، بەرەو عەرشی دڵم دەڕوات و هەموو کەس وەلاوە دەنێ. هەموو بوونمی داگرتووە. لێم نزیک بۆتەوە. ئەوەندە نزیک گوێم لەترپەی دڵیەتی. وا بانگم دەکا. هیچ کاتێ ئاوها لێم نزیک نەبووە وەک ئێستا. پێشتر خونچەیەک بوو. نە هەڵدەوەری نەدەکرایەوە.

ـ ئەی نەسرین؟

من نەسرینم خۆشویست. لاپەڕەکانی پاکترین جۆری خۆشەویستیم لە دەفتەری عەشقی ئەودا هەڵدایەوە. بەنووکی زمان، شیرین ترین هەنگوێنی عەشقم لەچاوە مەستەکانی ئەودا چێژت. من نابێ پشت لەو عەشقە بکەم...

ـ من لەوڵاتی تۆدا پەناهندەم نەسرین! هەر بەپەناهندەیی لەخاکی تۆدا لەدایک بوومە. بەڵام فرچکم بە عەشقی خاکێکی دیکە بڕاوە.

ئەوەگوناحی من نیە نەسرین. منیش نازانم دەبێ یەخەی کێ بگرین...

ـ تۆ باسی چیم بۆ دەکەی ئاری...

ـ من نازانم دەبێ یەخەی کێ بگرین نەسرین... نازانم...

ـ من لێرە دەتخەمە ناو دڵمەوە ئاری... یەخەی کەس ناگرین... تۆ لەناو دڵی مندا ئیتر پەناهندەنیت! لەناو بیلبیلەی چاوەکانی مندا ئیتر هەست بەبێ وڵاتی ناکەیت! من بۆت دەبم بەخاک. ڕەگ و ریشەت لەناو دەروونی مندا داکووتە ئاری... با لق و پۆپەکانت هەموو گیانم داگرن... ئەوسا من دەبم بە پەناهندەی تۆ... بیر لەودیو

سنوور مەکەرەوە ئاری...

ـ ...

ـ تۆ ئەزانی باوکم هەرمنی هەیە. هەموو پێداویستیەکانی ژیانێکی خۆشمان بۆ دەستەبەر دەکات. تۆ مەگەر ناتەوێ لەگەڵ عەشقی مندا بژیت ئاری...

ـ ...

ـ هیچ کچێکی ئەو دیوسنوور لە توانای دانیە ئەو خۆشەویستیەت پێ ببەخشێ کەمن پێتم بەخشیوە...

ـ ...

– جێم مەهێڵە ئاری... جێم مەهێڵە... بێ تۆ وشک هەڵدەگەڕێم...

ـ من خەڵکی وڵاتی نێرگزم نەسرین! عەشقی تۆ بەدیاری دەبەمەوە! هەمیشە بەیادی تۆ، نێرگزەکانی بەهاری وڵاتەکەم بۆن دەکەم! بێزار بووم لە پەناهندە بوون! بێزار بووم لەبێ وڵاتیی! منیش دەمەوێ لەوڵاتی خۆمدا هاوڵاتی بم. لێم گەڕێ با بە دوای هێلانەی خۆمدا بڕۆم. دەترسم لێرە، رۆژێک لە ئامێزی گەرمی تۆدا، رەق هەڵگەڕێم...

ـ ئەی من ئاری... لەدوای تۆ، بەتەنهایی، لاشەی ئەم عەشقە مردووە بۆ کوێ بەرم؟ لەکام گۆڕستان بینێژم؟..

ـ عەشقی تۆ زنجیرم دەکا نەسرین... خاکم لێ زەوت دەکا...

ـ کەوا بوو بۆ منت خۆش ویست ئاری؟... بۆ؟....

ـ ....

ـ بۆ ئاری؟... بۆ؟...

نەسرین گریا. هەنسکی گریانی ئەو، هەموو دەروونمی هەژاند.



سەراوبنی کردم. ئێستایش چوومەتەوە ناوەوەی خۆم. لەناو تاریکایی ژوورەکەمدا، چاوم بەدوای ئەو کاتژمێرە نەفرەتیەدا دەگەڕێ کە بەدیوارەکەی بەرامبەرمدا هەڵواسراوە. میلەکانی نابینم. تەنها گوێم لە چرکە چرکیەتی، ئەوەندە دەزانم کات هەر دەڕواو بەیانی دادێت.

خۆر هەڵدێت و ئێمەیش بەرێ دەکەوین. عەشقێکی گەورە ئامێزی بۆ کردوومەتەوە. ئەوەتا گوێم لەترپەی دڵیەتی. ناومێشکم پڕ بووە لەبۆنی نێرگز...

## کڵاوی بابردوو . . . .

شەڵپە ئاوێکت لە بۆڕیەکەی حەوشە، بەدەم و چاوتدا کردو سەرت هەڵبڕیە ئاسمان، لەدوای سێ ڕۆژ باران و بێکاری، هەور وردە وردە بەرۆکی ئاسمانی بەردەدا. ئەتگوت لە باتی دڵ، تۆپەڵێ قوڕیان ناوەتە ناوسینگتەوە. لە بنەبانی ژوورەکەیشدا، خێزانت، هەر لەسەر پێخەفەکەی، پشتی دابووە دیوار و خۆی گرمۆڵەکردبوو. شەو بەو پەڕی بێ بەزەییەوە لەگەڵتدا جوولایەوە.

«ئەویش ناهەقی نیە»!

کارگەیشتە ئەوەی بە پاڕانەوە بکەویت.

« بەهار... وانابێ! دە هیچ نەبێ رووت بکەرە لام!

ـ لێم دوورکەوە کەریم... زەوقی هیچم نیە!

ـ دەئاخر خوات بێ بەهار!.. دە شەو دەبێ مەجالێکت نەداوە...

ـ لە یەخەم بەوە کەریم»!..

تابەیانی گینگڵت دا. لەم دیو بۆ ئەو دیو. ناو مێشکت وەک شیشڵدانی فووتێکراوی لێ هاتبوو. ئەم بەیانیەش بە دووچاوی ریقنە گرتوو و خەواڵوو لە ناو پێخەفەکەتدا خزایتە دەرەوە. دووبارە گەڕایتەوە سەیرێکی بۆڕی ئاوەکەت کردەوە. دای لەکەللەت سەرت لە ژێر ئاوە ساردەکەدا ڕاگری تا مێشکت سڕ دەبێ.

«بەهار» وەک بومبێکی تەوقیتکراو، بچووکترین قسە لەوانەبوو، لە ژوورەکەدا بیتەقێنێتەوە. تۆیش بێ ئەوەی ئاوڕی لێ بدەیتەوە پرسیت:



ـ شتێک هەیە بخۆم یان نا ؟!

هەستت کرد نیگای وەک کۆمەڵێ میرووڵە بەسەر دەموچاوتدا هەڵخزا، موچرکەیەکی ناخۆش بەگیانتا هات.

ـ پرسیارێک لەمە بێ مەعناتر نەهات بەخەیاڵتا ؟!

مرۆڤ دەبێ لەبەرامبەر قسەی هەق ڕاوەستێ. ئەمە کۆنە دروشمەکەی خۆت بوو. بۆیە ورتەت لێوە نەهات، چونکە خۆیشت زانیت پرسیارەکەت لە هزرێکی بۆشەوە دەرچوو. پانتۆڵە روو دڕاوەکەی ئیشت لەپێ هەڵکێشا. ماوەیەک بوو هاتوچۆی هەناسە و لێدانی دڵت ئاسایی نەبوو.

«دەبێ هی چی بێ» ؟

ترس لەمردن، وەک برووسکەیەکی بەهاریی، ئاسمانی مێشکتی، بۆ ساتێ شەقار شەقار کرد. هێشتا بۆ دەرچوون زوو بوو. دوو دڵیش بووی. بەو بارە خەراپە دەروونیەت و بەسکی برسیەوە کوا ئیش دەکرێ؟

بەهار، هێشتا پشتی بەدیوارەکەوە بوو، ئەژنۆکانی لە ئامێز گرتبوو و نیگای لەسەر شوێنێکی نادیار دا چەقیبوو.

«بەهار! گەشتێک بۆ ناو چاوەکانت، زێتر لە هەر مۆسیقایەک دڵی گڕگرتووم ئارام دەکاتەوە»!

بەر لە گواستنەوەی و ئێستاش، شێتانە عاشقی چاوەکانی بەهار بوویت.

«مرۆڤ کە لە ژیانیدا تووشی هەرەسێکی ئاوها دێ، بە قەدەر تاڵە موویەکیش پەیوەندی بەژیانەوە نامێنێ».

ـ بەهار! تۆ وای بۆ دەچی خەتای من بێ وەزعەکە وای لێ هات؟

بە دڵ پێت خۆش بوو بڵێ نا کەریم!!، خەتای چارەنووسمان بوو! خەتای هەردووکمان بوو»...

پێویستیت بە دڵدانەوەیەک بوو. بەلایەنی کەم لە خێزانتەوە! بەڵام ئەو دڵی ئاوسابوو. تۆیش بەم پرسیارەت فتیلەکەیت ئاگرداو لە چاوەڕێی تەقینەوەیدا، چاوەکانت داخست.

ـ ئەی خەتای کێ بوو کەریم! ئەگەر دەتەوێ بەم بەیانیە سەحەرە دیسان مستێک فەلسەفەو بیرو بۆچوونی پڕو پووچم بدەیتێ من ئامادەنیم گوێت بۆ شل کەم. من وەک تۆ خەیاڵاتی نیم. هەمیشە لەگەڵ واقیعدا ژیاوم. واقیعی ئێمەیش ئەوەیە وا گاڵتە بەخۆمان دەکەین، ئەو لۆکەیە لە گوێچکەکان ت دەرکە، ئەو قسانە هیچ نەفامێک لێت ناکڕێ ئەگەر پێت وایە بۆ گەیشتن بە ئامانج پێویستە ماوەیەک وەک سەگ بژین... ئەو جۆرە ئامانجەیش پێشکەش بە خۆت بێ کەوا...

ـ قەینا بەهار... هەرچی دەڵێی من قەبوڵمە، بەڵام...

ـ بەڵامی چی کەریم! دەبێ قەبوڵت بێ! تۆ بەنەزانی خۆت خستە ناو ئەم گێژاوەوە. تۆ بوویتە هۆی دروست بوونی ئەم وەزعە. مەگەر نەمگووت بالێرە بمرین پەلکێشی دنیا خەیاڵاتیەکەی خۆتم مەکە... نەمگووت کەریم؟

ـ گوتت بەهار...

ـ نەمگووت ئەم وەزعە قوڕەی ئێرە ماوەیەکەو کۆتایی دێت. هیچ وڵاتێک تاکۆتایی زەمەن هەر لەشەڕ دانەبووە. ڕۆژێک دادێ ئەم نیگبەتیە بەرۆکمان بەردا. کەچی هەر دوو پێت کردە ناو یەک تاکە پێڵاو و گوتت من بڕیارم داوەو دەڕۆین!.. ئێستایش ئەوە یەک دانە ساڵی ڕەبەقە نانێکی خۆش لە گەروومان نەچۆتە خوارەوە. ئێمەت لەم کۆلیتە سەگە حەشارداوە، سێ ژەمە دەبێ فاتیحە لەسەر سفرەی بەتاڵ لێبدەین...

ـ بەهار نەختێ بەزەییت هەبێ! تۆ دەبێ وەزعەکەم لەگەڵ تەحەمول



بکەیت! گوایە هاوسەرو هاوبەشین لە ژیاندا...

بەڵام ئەو تەنها سەرێکی بادا. هەموو ئەو پەیوەندیە پڕ لە خۆشەویستیەی لە نێوان تۆو بەهاردا هەبوو، لەبەر چاوانتدا، ئاڵقە ئاڵقە دەپچڕا. ئەوەش زێتر لە هەموو شتێک ئازاری دەدایت. هیچ کاتێ وا بە دڵڕەقی لە بەرامبەرتدا نەوەستابوو.

ـ جەنابت بێ ئەوەی کەمترین بایەخ بە ڕەئی منی هاوسەری ژیانت بدەیت، کۆمەڵێ قسەو و وادەی یەکێ لەخۆت هەڵخەڵەتاوترت ئاخنیە ناومێشکم و هەر خۆیشت بڕیارتدا. منی خۆشەویست و هاوبەشی ژیانت خستە سەر چەقی ئاڵۆزترین دووڕیانی ژیانم. گوتت من هەر دەڕۆم، ئەوەی نایێ کەیفی خۆیەتی! وات نەگوت کەریم...

ـ مەبەستی من....

ـ مەبەستی تۆ هەرچیەکی هەبێت... ئێستا دەبێ خۆت بەتەنها بەرپرسی ئەم وەزعەبیت کەریم...

ویستت بۆکەمێک هێورکردنەوەی کەشەکە، پەتی وتووێژەکە زیاتر بۆلای ئەو شل بکەیت.

ـ قسەکانت دەسەلمێنم بەهار! بەڵام تکایە بەم شێوەیە ئازارم مەدە. ئەمەیش قۆناغێکە لە ژیانداو پێیداتێپەڕ دەبین. تۆزێ دڵناسکتر بە لەگەڵم. دڵنیا بە چۆنم تێک داوە ئاوهاش چاکی دەکەمەوە. منیش هەڵنەخەڵەتام بەهار... من ناچار بووم سەر هەڵگرم... ناچار بووم... وەزعەکەی ئەوێ ناچاری کردم! ئازا ئەو کەسەبوو زووتر سەری خۆی هەڵگرێ و بۆی دەرچێ! ئەمە ڕاکردن نەبوو لەواقیعەکەی ئەوێ، نا، ئەوە خۆ ڕزگار کردن بوو بەهار... هەمووی هەر خەریکی خۆ دەربازکردن نەبوو مەگەر؟ تۆ لە ژیانی من و خۆت و منداڵەکانت دڵنیابوویت؟ دەکرا من دەستەو ئەژنۆ دانیشم و هیچ هەوڵێک نەدەم؟ دەکرا بەهار؟ شارمان لێ نەکرابوو بە مەنجەنیق و دەبوایە تێیدا

هەڵقرچێین. من چوزانم... سەرم لێ شێوابوو. ئاکۆی نەفرەتیش خوێندیە ناو گوێم و گوتی هەر ئەوەندەمان زەحمەتە لە سنوور ئاودیو بین. لەوێ دەرچوون ئاسانە. من لەکوێ بزانم ئێرە لەوێ وێرانترو داغانترە...

ئەو بەرگریکردنە لەخۆت، هەندێ لە پاڵەپەستۆی ناومێشکتی سووکتر کرد.بەڵام بەهار هێشتا گرژ بوو.

ـ لە چاڵ دەرچووین کەوتینە ناو گۆڕ! لەوێ هیچ نەبێ هێشتا بایی ئەوەندە مابوو لەتەنگاوەیا، خزمێک ئاورێکت لێ بداتەوە. ئێستا منداڵەکانت لەخەو هەستن شەهادەو فەلسەفەی جەنابت بکەمە دەمیانەوە؟ تۆ دەزانی لەتێ نان لەم ماڵەدانیە بیخۆین یەعنی چی کەریم؟ دەزانی؟...

لە هەموو تەمەنی سی و چوار ساڵیتا، تووشی وەزعێکی ئاوها تاڵ و نالەبار نەهاتبووی. بەهاریش بەم بەیانیە زووە سەری نابووە جەرگت و بێ بەزەییانە چنگی بە ناختا هەڵدەخشاند .

ـ هەرچی ئاڵتوونم هەبوو پێت فرۆشتم. گوایە دەچینە بە هەشتێک هیچ پێویستیەکمان بەپارە و ئاڵتوون نابێ. لەسەر رووباری هەنگوێن پاڵ دەکەوین و لە سایەی تەکنولۆژیای پێشکەوتووی ئەواندا، هەرکاتێ هەستمان بە برسێتی کرد، بێ ئەوەی دەنگ بکەین خۆشترین خواردن لەبەر دەممان ئامادە دەبێ! جل و بەرگیش لەوێ شتێکی ئەوەندە گرنگ نیە! رووت و قووتیش بگەڕێی هەر دروستە! خەونمان بە خەرمانی دۆلار و ژیانێکی ئەوروپی دەبینی. ئەو قسانەت ئەوەندە لەناو گوێماندا دووبارە کردبۆوە منداڵەکانیش خەونی خارجییان دەدیت! ئێستاش خەون بە سفرەیەک دەبینین نانێک و جامێک ماستی لەسەر بێ. دەبێ ئاو بکەمە سەرتڵپە چای سێ رۆژ لەمە و بەرو بیکۆڵێنمەوە. دارزاین ئەوەندەی کۆنە جلی کوژراو و سیل و



سەرەتان گرتوو و شێت و گەڕ لە لەنگە بکڕین و لەبەر بکەین. هەموو شەو و رۆژ کارم بۆتە ئەوە دەستەو ئەژنۆ پشت بدەمە دیوارو فرمێسک برژێنمە سەر لاشەی مردووی چارەنووسی بێ حاسڵم. ئەم دوو بەستەزمانە، بووە مەراق لە دڵیان توومەنێک بخەمە دەستیان وەک منداڵی خەڵکی بچنە دوکان...

بەهار دای لە پرمەی گریان. وات زانی هەر چوار لادیواری ژوورەکە بۆت هاتن و سەقفەکە دارمایە بان سەرت.

ـ من چیتر ناتوانم تەحەمول بکەم کەریم... ئەم وەزعە رەزا قورسە ناتوانم تەحەمول بکەم.. ناتوانم... ناتوانم... ئەگەر بۆ ئێمەتە، ئێمە خاریجمان ناوێ! بمانبەرەوە وێرانەکەی خۆمان. با هەر لەوێ بمرین. بابمانکوژن. با ئاگرمان تێ بەردەن. باوشکەوە بین لە برسان هەر هیچ نەبێ لاشەمان بۆ گەن نابێ و دڵۆپێک فرمێسک دەرژێتە سەر گۆڕمان. خاریج کلاوێکی بابردووە کەریم... بەدوای کلاوی بابردوو مەکەوە جەنابی موهەندیس...

خۆت هاوێشتە ناو کۆڵانەکەو گریانی سەر لێ شێواوی و بێ دەسەڵاتیت تەقییەوە. چەنێکت حەز لێ بوو پڕ بە دەنگت هاوار بکەی و ئەم بایە ساردە هاوارەکەت لە هەموو دنیادا پەرش و بلاو بکاتەوەو بیگەیەنێتە ئاسمان (منی کورد روو لە کوێ بکەم ئەی هاوار... پەنا بۆ چ ولاتێک، کام عاسمان و کامە قیبلە بەرم... ) هاوارەکەت، وەک کۆنە دیوارێک دارمایە نێو دەروونی ئاڵۆزی خۆتەوە.

***

لەسەرگاشە بەردێک دانیشتی. بێزاریی و شەکەتیی، گیانتی ئەنجن ئەنجن کردبوو. سەیرێکی حەشاماتەکەی دەوروبەری خۆتت کرد.

ئەم بەرو ئەوبەری مەیدانەکە، پڕ بوو لە هەڵخەڵەتاوانی خۆت ئاسایی.

«ئەو کڵاوە بابردووە زۆر کەسی وەک منی بەدوای خۆیدا راکێشاوە»!

ـ بەیانیت باش کاک کەریم...

سەرت هەڵبڕی. بۆتان بوو. لەسەر گاشە بەردەکەی لای خۆت دانیشت. ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی: بەس نیە دەر بەدەر بووین حەیاشمان چوو...

ـ بۆ...

ـ بڵێم بۆ... تالیب و ژنەکەی بوونەتە خزمەتچی ماڵە دەوڵەمەندێک!

ـ ئەوەیش جۆرێکە لەخۆبەڕێوەبردن

ـ سندانم دالێی... ئاخر حەیفی ئەو ژنە جوان و جاحێڵە نیە بکەوێتە بەر... خلەیشیان بینیوە لەبەر دەم مزگەوتەکانا دەرۆزەی کردووە!

ـ جا خلە چ پێویستی بە دەرۆزەکردن هەیە خۆ دەرامەتی ژنەکەی باشە!

ـ وایە... بازاڕی گەرمە!

ـ گرنگ ئەوەیە بگەینە خاریج... جا بە هەر نرخێک بێ... بەهەر نرخێک... تف لەم وەزعە...

ـ ئەوە چیتانە دەڵێی پیرە ژنی دۆرژاون... پەکو پۆی چیتانە...

ـ دانیشە شێرکۆ...

ـ غەریبی دایکتان دەکەن؟!

ـ دایکمان؟ هە...

ـ کوڕینە دوێنێ نامەیەکی سفارشیم پێ گەیشت! شەماڵ بۆمی



ناردووەو نووسیوبەتی خۆت راگرە لەم رۆژانە یەک دانە کەفالەیەکت بۆ دەنێرم...

ـ دەتوخوا وازمان لێ بێنە شێرکۆ... تێر درۆی ئەوان بووین...

ـ ئێوە بەس گوێ لەکوردە حەیاتەکە راگرن...

ـ بەیانیت باش کاک فەتاح

ـ سەرت بەمەلاشۆی دایکە قەحپەکەت.. بەیانی باشی چی کوڕم! ئەوە دەرۆژە تومەنێک نەکەوتۆتە گیرفانمەوە...

ـ نۆکەرتم حەمە گیان... ئەوە کوجا وا بە خێرایی... دەڵێی دوامی وەزارەت و مەزارەتت هەیە بەخێر!..

ـ کەس نیە چۆڕە میزێک بە چاوە پیسەکەی ئەو هەتیوە دابکا...

ـ کەفالەکەی ئوسترالیات چی بەسەرهات سەعە؟

ـ بەرێگەوەیە بەساقە... هاکا گەیشت...

ـ وریابە نەکەوێتە ناو دەریا، ماسییەک پێی بچێتە خاریج...

ـ ماسیەکان وەک من و تۆ زرچەکورد نین لە وڵاتی خۆیان هەڵبێن کوڕم!

ـ دەنگوباس چیە عەلە سیاسی؟

ـ جەولەیەکی تر وا بەرێگەوەیە کوڕینە... ئەم حیزە سەنگەرە چۆڵ مەکەن!

هەڵێنجت دێ، وەک هەڵدەستیتەوە وا دەزانی هەموو قورسایی دنیا لەسەر شانی تۆیە. تفێکت هەڵاوێشت، بایەکە هەمووی پرژاندەوە دەموچاوی خۆت.

لە قەراخ جادەکە راوەستایت. کابرایەکت دی ورگن و قەڵەو، بەزەحمەت هەنگاوی دەناو لە هەورازی مەیدانەکەدا سەردەکەوت. بەر لەوەی بگاتە لای تۆ، دەورەی دراو، هەرکەس لەراستەخۆیدا دەمی پرسیاری تێکرد:

- ئاغا كارگەرت دەوێ؟
- كارەكەت چیە!
- بزانە چەند نەفەری دەوێ سەعە؟
- دەڵێ دوو نەفەرم دەوێ تا ئێوارە قوڵنجم بشێلن بە چوار سەد تمەن!
- دە دەمی ئاودەستەكەت داخە توخوا... زۆر بۆ گەنی...
- دەڵێ ئیشەكەی كەمە و پێنج سەد تمەن دەدا...
- درۆ دەكا ئەم ورگ زلە... ئیشی كەمیان تا بانگی ئێوارەیە!
- هەر چرو چاویشی لە مرۆڤێكی باش ناكا...
- جا حەمە، تۆ چ كارت بە چروچاوییەتی؟ دایكتی لێ مارەدەكەی یان ئیشی بۆ دەكەی!..

كابرا ماوەیەک راوەستا. كەسی لەگەڵ نەڕۆیی. لێژایی جادەكەی گرتە بەرو دوور كەوتەوە. قسەكانی ئەم بەیانییەی بەهار وەک چەكوشێک كەوتە بان مێشكت، (تۆ دەزانی لەتێ نان لەم ماڵەدا نیە بیخۆین یەعنی چی كەریم؟... دەزانی؟)

بە ئەسپایی، وەک كەس هەستت پێ نەكا، مەیدانت جێهێشت. لە كۆڵانێكا كابرات گرت:

- ئاغا... ئاغا... من... من میام!...

بە توركی ورتەیەكی لێوەهات هیچی لێ حاڵی نەبووی. كە كردیە فارسی ئەوەندەی لێ تێ گەیشتی پێنج سەد تومان زیاتر نادات.

- قەبینا ئاغا... قەبینا... بەڵام هینەكە... كارەكەت چیە؟!

گوتی ئەگەر باش ئیش بكەی، هەر دووسعاتێک دەخایەنێ. رازی بووی. ئاورێكی دواوەت دایەوە. لەوەیا كە نرخی ئاسایی مەیدانت شكاندبوو هەستت بە تاوانباری دەكرد.

«رووی ناچاری رەش بێ»!



سكت ئاهەنگی برسێتی لێدەداو بیرت لای ئیشەكە بوو دەبێ قورس نەبێ! كابرا، لای دایە ناو كۆڵانەیەكی تەنگەبەر. تۆیش هزر و بیرە پەشۆكاوو بێ سەرو بنەكانت لەگەڵ خۆتدا رادەكێشاو قوڕولیتەی كۆڵانەكەت بە پێڵاوە چوپلێسەكەت دەشێلاو پێ بەپێی كابرا دەڕۆیشتی.

«كارێكی باش بكەم دەبێ شتێكم زیاتر نەداتێ»؟

بایەكی سارد، دای لە دەمووچاوت و تەزوویەک بەلەشتدا گەڕا.

«ئێستا چیمەن و حەوێز لەخەو هەستاون و بێ دەنگ، سەیری گریانی دایكیان دەكەن! ئاخ لە دەورانت فەلەک... منیش ئەگەر ولاتێكی بێ شەڕ و ئاژاوەم دەبوو...»! ئاورێكی لای كابرات دایەوە. چاوت چەقیە سەر تەسبێحە سەدو یەک دانەكەی دەستی. دنک دنكی بەر دەدایەوەو لێوی لەگەڵ دەجوولا.

ورگی وەک مەشكەیەكی پڕ، شۆڕ ببۆوە سەر هەردوولارانی و دوگمەی كراسی لە راست ناوكەی كەوتبو.

«رەنگە سێ ژمە عەلەشیش بخوا»!

نەتزانی بۆ، هەر لە خۆتەوە لێی تووڕەبووی!

«ورگنی سەگباب»!...

بە ئەسپایی نیگات هەڵكشایە سەر دەم و چاوی. لەپڕ وات بۆ هات، پێ بەپێی عەلەشیشێكی زەبەلاح دەڕۆی كە بە قورتە قورت خەریكی تەسبێحاتە.

پێكەنینێک لە ناختەوە هەڵقوڵا، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە سەر لێوەكانت، پڕوكا.

«پێی بڵێم ژن و منداڵم برسییانە دەبێ بەزەییەكی...».

لەخۆت تورە بووی. دڵت بەخۆت سووتا، كابرا لە بەردەم دەرگایەک راوەستا، لە زەنگی دا، ئافرەتێكی لە عەبا لوولدراو

دەرگای کردەوەو گورج، خۆی کوتایە پەنای دەرگا کراوەکەوە. دەرفەتت نەبوو دەموچاوی ببینی. لە حەوشەکەیا، دوو مندالّت دی. هاوتەمەنی چیمەن و حەویز. لەو بەر حەوزەکەوە خەریکی وازی کردن بوون و قاقای پێکەنینیان حەوشەی داگرتبوو.

«ئێمەیش یان دەبێ جەولە ژمێری شەڕ بین یان لەدەربەدەری و...»

کابرا، تەنەکەیەکی بەتاڵی دایە دەستت و پێشت کەوت!

وەک دیلێک بەبێ دەنگی، بەدوای کابرا دادەچووی و ناوە ناوە سەیرێکی تەنەکەکەی دەستت دەکرد«دەبێ ئەم تەنەکەیەی بۆچی بێ» ؟!

بۆنێکی توندو ناخۆش شالاّوی هێنایە ناو مێشکت و هەموو دەرونتی داگرت.

لەجێگەی خۆتدا حەپەسای. ناو سکت هەمووی سەراوبن بوو. دەمارەکانی سەرت دایان لە فرکەو دڵت تێک چوو.

واقت وڕمابوو. سەیرێکی ئاودەستە پڕ بووەکەت کردو سەیرێکی کابرات کرد کە هێشتا تەسبێحەکەی بەدەستەوە بوو و ورتەی لێوە دەهات و نیگا ساردو سڕەکەی تێت بڕیبوو تا دەست بەکار بیت.

پەنجەکانی دەستت خاو بوونەوەو لە دەنگی زرمەیا زانیت تەنەکەکەی دەستت کەوتە عەردەوە. گریان تا ناوەڕاستی قورگت هات و چەقی. هەستێکی گەرم، وەک بڵێسەی ئاگر، لەناو هەموو دەمارەکانی جەستەت گڕی گرت و هاتە ناو مێشکی سەرت پەنگی دایەوە.

«تۆ دەزانی لەتێ نان لەم ماڵەدا نیە بیخۆین یەعنی چی کەریم؟ دەزانی؟»... هەستت کرد لە کونی لووت و هەر دووچاوت، گڕی ئاگر دەردەچێ. پەنجە لاوازو لەرزۆکەکانی خۆت بینی یەخەی کابرایان گرتبوو و پڕ بەدەنگت دەگریای و هاوارت دەکرد:



ـ من موهەندیسم هەی نەفام... دەزانی دەڵێم چی یان نا... من لەکاولبووەکەی خۆم دا موهەندیس بووم موهەندیس... من ئەو کەسەنیم ئاودەستی ئاژەڵێکی وەک تۆ خاوێن بکەمەوە... تێگەیشتی... من... من....

ئەژنۆکانت سست بوون و نووشتانەوە. وەک دارگوێزێک، ڕەگ و ریشەیان قرتاندبێ، بێ هێز و تێکشکاو لەبەردەم کابرادا چەمایتەوە. ئەویش وەک پەیکەرێک لە گەچ دروست کرابێ، بێ جوولە وەستابوو و سەیرتی دەکرد.

لێوەکانت دەلەرزین و وەک لەگەڵ خۆتدا وڕێنە بکەیت وابوو:

ـ من... من موهەندیسی کوردم ئاغا... لێم حاڵی دەبی؟! من موهەندیسێکی کوردم... کورد...

## ئەم چیرۆکە، کۆتایی بۆ نییە . . .

وەک پێ بنێیتە حەوشەی مزگەوتێک، یان مەزارگەیەکی پیرۆز، یان پێ بخەیتە سە گڵێنەی چاوێک، بە ئەسپایی و زۆر بە حورمەتەوە، لە کۆسپەدارینەکە ئاودیو بووی و، هێمن و لە سەرەخۆ پێت نایە سەر خاک. راوەستایت. ئاوڕێکی دواوەت دایەوە. نیگات چەند ساتێک لەسەر کۆسپە دارینەکە چەقی. رووت وەرگێڕایەوە ئەم دیو. دواتر وەک لە حزوور گڵکۆی شەهیدێک دا چۆکدا بدەیت، لەسەر هەردوو ئەژنۆت دانیشتی.

سەرت هەڵبڕیە ئاسمان و سوپاسێکت دایە دەم شنەی باوە. کۆپلە گورانیەک، نەتزانی، یان سروودێک بوو هاتەوە بیرت:

«وەک دایکی خەڵکی تر نابێتە دایکی ئێمە، وڵاتی خەڵکی تریش نابێتە وڵاتی ئێمە»

ـ بابە وەرە، سەیارە دەڕوا...

کچەکەت لە سەنتەری نیگا تەڕ بووەکەتدا بووە پەپوولەیەک و لە ئاسمانی پاش بارانی چاوانتدا هەڵفڕی. ئارام هەستایتەوە. ویستت دیسان ئاوڕێکی دیکەی ئەو دیو کۆسپە دارینەکە ـ کە خاکی تۆی لەگەڵ وڵاتی پەناهندەییدا جیا دەکردەوە ـ بدەیتەوە. بەڵام زوو پەشیمان بوویتەوە.. جەستەی شەکەت و ماندووت بەردایەوە سەر کوشنی سەیارەکە.

بارێکی قورس لەسەر شانەکانت لاچوبو. هەناسەی پەنگ خواردووت رێگای کرایەوە.



ـ ئۆخەی... ئاخریش هەر گەڕاینەوە ئافرەت!

خێزانەکەت کە شوێن پێی رۆژگارێکی سەخت و دژوار، لۆچێکی ناوەختی بەسەر و سیما پیر هەڵگەڕاوەکەیدا کێشابوو، ئەویش رێگەی دا تا هەناسە لەناخی سینگیەوە بەشاڵاو لە ئۆخەی بدا، گوتی:

ـ خۆ هەر دەبوایە بگەڕێینەوە پیاوەکە! بەرد لە شوێنی خۆی سەنگینە!

بۆ شاردنەوەی ئەو گریانەی لەناو قورگتدا چەقیبوو، دەستێکت بە سەروقژی هەردوو کچەکەتدا هێنا:

ـ بۆ خۆتان لە پەنجەرەکەوە تێر تێر سەیری دەرەوە بکەن کچەکانم.

لە دوو کوشنەکەی دواوەی کۆستەرەکە، هەر دووکیان وەک دوو بەچکە کەروێشکی خرپن، کزیان کردبوو.

سەرت بەرزکردەوە، سینگت دایە پێش! قوڵپی گریانەکەت شۆڕ کردەوە خوارو حەزت لێ بوو، هەموو ئەوانەی ئەودیو کۆسپەدارینەکە گوێ بیست بن کە لە ناخەوە، زۆر لە ناخەوە گوتت:

ـ ئێرە وڵاتی خۆمانە کچەکانم! ئا، ئێرە کوردستانە، وڵاتی خۆمانە..

گچکە تریان حەوت ساڵان بوو:

ـ لە وڵاتی خۆمان قوتابخانە هەیە بابە؟!

گەورەتریان نۆ ساڵ تەمەنی بوو.

ـ ئەی چۆن لێی نیە شارا! قوتابخانەی لێیە. بەڵام دەبێ بەکوردی بخوێنی...

شارا، لەگەڵ خۆیا، بەسەر سوڕمانێکەوە دووبارەی کردەوە:

ـ ئا... دەزانم تریفە! دەبێ بە کوردی بخوێنم!...

بێ دەنگی باڵی کێشابووە ناو سەیارەکە. ئێوە دوا خێزان بوون سەرکەوتنە ناو سەیارە. هەر بۆیە کۆستەرێک بەتەنها بۆ ئێوەمایەوە.

نیگاکان، گەش و تامەزرۆ، تێکەڵ بە شنەبای دەرەوە دەبوون و
بەسەر نەرمایی سینگی میهرەبانی خاکدا دەخشان.

ـ دەبێ «هاژە» گەورە بووبێ؟!...

خێزانت نەیزانی ئەم پرسیارەی بە دەنگەوە لە دەم دەرچوو، یان بێ دەنگ لەناو هزرو دەروونی خۆیدا خولایەوە و نەگەیشتە سەر لێوی، هەر وەک نەشیزانی ئاراستەی کێی کرد.

ـ بەگوێرەی دوانامەی «دیدار» کە پێمان گەیشت و خەبەری لە دایکبوونی هاژەی تێدا بوو، دەبێ ئێستا دوو ساڵی تەمەن بێ...

تۆیش بێ ئەوەی نیگات لە پەنجەرەی سەیارەکە بگریتەوە وڵامەکەیت دایەوە.

لەوە دەچوو هەر کەس بۆ خۆی ورێنە بکات.

ـ هاژە جوانە دایە؟

تریفە زووتر لە دایکی هاتە ئاخافتن:

ـ خۆ ئێمە نەمانبینیوە شارا... بەڵام جوانە!

ـ ئا... جوانە ...

ـ هەر دووک چاوی دایەتان کوێر بێ. ئەمە حەوت دانە ساڵی رەبەقە تاقە کوڕەکەی خۆمم نەبینیوە. بڵێم خوا چیت لێ بکا پیاوەکە!..

گەرمای گریانێک هەموو دەروونی هێنایە جۆش. داچۆڕانی ئەو دوو دڵۆپە فرمێسکەی هەست پێ کرد کە لەناو لۆچەکانی روخساریدا، رێیان لێ شێوابوو.

ـ قسمەت وا بوو ئافرەت... لەگەڵ قسمەتی خوایا هیچ ناکرێ!...

پاساوێکی دیکەت نەبوو بۆ هەڵوەرینی حەوت ساڵ تەمەن لە بێهودەییدا.

ـ چەند گریام. چەندت لێ پاڕامەوە. چەند کەوتمە سەر دەست و



پێت. گوتم پیاوەکە با ئێمەیش وەکو ئەو حەشاماتە خەڵکە چۆن هاتین ئاوهاش بگەڕێینەوە. خۆ شوکور چەپۆکی زوڵم لەسەرمان لاچووە... ئەگەریش خەمی برسێتیتە ئەوا ئەو خەڵکە خۆڵی خوارد ئێمەیش خۆڵ دەخۆین، داریان خوارد ئێمەیش دار دەخۆین. مردن ئێمەیش دەمرین. خۆ لەو هەموو خەڵکەو لەتاقە کوڕەکەمان زیاترنین. دڵت وەکو بەردی لێ هاتبوو. وەک شاخێکی رەق بێ بەزەیی ببووی! پشتت دایە دیواری غەریبی و گوتت (من ئەمە جێگەمە! هەر کەس دەچێتەوە بابچێتەوە) گوتم پیاوەکە ئەم تاقانە کوڕەم هەیە، لێکمان مەکە خوا لێت هەڵناگرێ....

ـ کاکەم دیدار ممبینێ دەمناسێتەوە دایە؟!

دیسان تریفە، دەرفەتی وڵامدانەوەی زووتر لەدایکی قۆستەوە:

ـ کاکەم دیدار من ناناسێتەوە ئینجا تۆ؟

ـ منیش هاژە ناناسمەوە دایە، وانیە؟

ـ جا تۆ کەی هاژەت بینیوە تا بیناسیتەوە کچەکەی دایە؟

گرێیەک لەناو قوڕگی خێزانت بوو لەکاتی قسەکردندا دەنگی دەلەراندەوەو تۆیشی ئازار دەدا. دڵت گوشرا. هەستت کرد کەشی ناو سەیارەکە تەم دایگرتووە.

ـ زۆرمان نەماوە بگەینە ماڵەوە کچەکانم. ئەوجا کاکە دیدارتان دێ دەرگامان لێ دەکاتەوە، خۆی فڕێ دەداتە باوەشی دایکتان و پڕ بەدەنگی هاوار دەکا: ـ شیرین ... شیرین وەرە بزانە کێن هاتوونە!

ئەوجا شیرینی براژنتان بە ڕاکردن بەرەو پیرمان دێت و هاژەیش...

قوڵپی گریان رێگەی بە پاشماوەی قسەکانت گرت. دیمەنە کەت لەسەرشاشەی نیگاتدا دووبارە کردەوەو موچرکەیەکی خۆش، وەک تەزووی کارەبا، سەرتاپای جەستەتی پێکا.

تریفە، هێشتا نەیتوانیبو، سیمایەکی بە دڵی خۆی بخاتە سەر

جەستەیەکی خڕو خرپن تا بیبێتە هاژەی برازای و لە ئامێزی بگرێت.

ـ کوڕەکەم لەم هەموو شەڕو کوشتارەدا...

تۆیش هەر لەوترسەدا بوویت. بەڵام دەبوایە دڵی خۆت و خێزانەکەت بدەیتەوە.

ـ خۆ ئەو خەڵکە هەمووی هەر نەکوژراوە...

ـ ئاگری شەڕە، پیاوەکە... کە کەوتە ناو ماڵ بەزەیی بەکەسا ناکا...

لەوەیا کە دوو ساڵ بوو هیچ هەواڵ و نامەیەکی «دیدار»ت پێ نەگەیشتبوو، نیگەرانی و دڵەڕاوکێ وەک تۆپەڵێ کرم کەوتبوە ناو دڵتەوە.

بەڵام هەر هەوڵی شاردنەوەی دڵەڕاوکێکەت دەداو نەتدەهێنایە سەرخۆت.

هەستێکی شووم کەوتبوە ناو مێشکی خێزانتەوە.

ـ شەڕ، شەڕە ئیتر! گوللەش نازانێ ئەوە دیدارەو تاقانەی دایکیەتی یان ئەوە فیسارەو گۆچانی پیرێتی دەستی باوکیەتی...

ـ کەی دەگەینە ماڵی کاکەم دیدار تریفە؟

ـ نازانم...

ـ ئەی ناوی قوتابخانەکەمان چیە؟!

ـ جارێ نازانم...

خێزانت وەک تۆی راکێشابێتە دادگاو لە بەردەم یاسادا، داوای قەرەبۆ کردنی ئەو حەوت ساڵە بکات کە بێهوودە لە غەریبیدا، بووە زیندانیی بڕیارێکی نابەجێی تۆ.

ـ ئەو هەموو گریان و فیغانەم بەزەیی تۆزێ نەجوڵاندی. ئاخر ئەو هەموو ساڵە دوور لە «دیدار»و کەسوکارو خاک و زێدی خۆت مایتەوە چ گوڵێکت چاند؟ هەموو بەیانیان دەبوایە تێر تێر بگریم و خەونە بێ سەروبنەکانمت بۆ بگێڕمەوە، خۆ لەگەڵ یەکەم تەقەی هەر جەولەیەکی



شەڕدا من سڕدەبووم تا شەڕەکە دەوەستا.

بەڵام بۆ ئەو دڵەی تۆ کەوەک بەردی لێ هاتبوو هیچ شتێک سوودی نەبوو... هیچ... خۆت بڕیاری مانەوەت داو ئاخریش هەر خۆت بڕیاری هاتنەوەتدا. هەر لەبەر ئەوەی پیاوی ماڵەوەیت، نەحیسابێکت بۆمن و ئەو دوو منداڵە بەستەزمانە کردو، نەبۆ ئەو کوڕەت، چاوی دایەت کوێربێ، نازانم ماوە یان کوژراوە. وەکو کیسەڵ، سەرت بردبووەوە ناو لاکی خۆت و لە بێ دەنگی زیاتر هیچت پێ نەبوو.

بۆ ساتێ لە پیاو بوونی خۆت شەرم دای گرتی.

ئاخێک لەناخی پەشیمانی داگرتووتەوە دەرچوو بێ دەنگ لەگەڵ خۆتا دوای «حەوت ساڵ مانەوەیەکی بێ سوود! حەوت ساڵ سووکایەتی، وەکو قەرەج هەرچەند مانگ لە شوێنێک. حەوت ساڵ چاومان لە دەستێکی بێ بەزەیی بوو تا بە خێری خۆی لەتە نانێک بخاتە ناو دەستمانەوە.

تۆ راست دەکەی ئافرەت... دەزانم ناخۆش بوو... زۆر... حەوت ساڵ لەناو تەلبەند بەقامچی بڕۆو بەجوێن وەرەوە.

لێمان تێک چووبو ئێمە پەناهندەین یان لە شەڕگیراوین و دیلین. حەوت ساڵ بێ دەنگ و مل شۆڕ... نە ... نە ئافرەت... بەس ئەمجارە بمبوورن ناهێڵم دووبارە ببێتەوە. چیتر لێک دانابڕێین. بەس ئەمجارە... بەس ئەمجارە دەستم بگاتەوە دیدار»...

بە ئەسپایی ئاوڕێکی لای خێزانەکەت دایەوە. ترس و نیگەرانی وا سڕی کردبوو، وەک پەیکەرێکی بەردین و بێ گیان، نیگای ماتی چەقیبوە شوێنێکی نادیار، ویستت لەو خەرەندە سامناکەی تێی کەوتبوو دەری بێنی:

ـ ئافرەت، وا گەیشتینە ناو شار، چی وامان نەماوە بگەینە لای دیدار... بۆ وا داماوی؟

ـ دڵم... دڵم ترپەی خەبەرێکی شووم لێ دەدا. نیگەرانم پیاوەکە. منی دایک ناهەق مەگرە.

پەنجەرەی سەیارەکەت نەختێ کردەوە. تەوژمی هەوایەکی فێنک شاڵاوی هێنایە ناو سەیارەکە. گڕی ناو دڵ و دەروونت کەمێک دامرکا. شارا،پشتی دابووە کوشنەکەو خزابووە ناو دنیای ئارامی خەو.

تریفە لا رووەمەتێکی نابووە سەرجامی پەنجەرەکەو هەروا هەوڵی نەخشاندنی سیمایەکی جوانی دەدا بۆ هاژەی برازای.

ـ خاڵۆگیان ماڵی کوڕەکەت لەکوێیە؟

ـ ها؟...

سەیرێکی دەوروبەرت کرد. دیمەنەکان لە بەرچاوت ئاشنا بوون و، وەکو ئەلبوومێکی پڕ لە وێنەی کۆن دەهاتنە بەرچاوت.

ـ کەمێکی تر بڕۆ پێش. لەبەرامبەر ئەو کۆڵانەی لای راستەوە بوەستە.

ئەوجا رووت کردە لای خێزانت.

ـ دەی هەستن ئافرەت خۆتان گردەوەکەن! شارا لە خەو هەستێنن...

ـ ئێرە خاڵۆ گیان؟

نیگات وەک مافوورێکی لوولدراو و تۆزگرتوو، بەدرێژایی کۆڵانەکەدا کرایەوە.

ـ ئا... بەڵێ ... ئێرەیە...

کۆڵانەکە لەم ساتە وەختەدا، کپ و مات و بێ هاتوچۆ بوو. خێزانت هەر وا دڵی وەکو مۆم، دڵۆپ دڵۆپ دەتوایەوە.

زۆر دەترسای ئاگری شەڕ، بەرۆکی و جاخەکەتی گرتبێ. لە دەرگات دا. وەک دوعایەک بخوێنی لێوەکانت هەر تەتەڵەیان دەکرد. ناو لەپی دەستێکت بەلای چەپی سینگتدا کێشا. هەر دەنگی دڵت بوو، بێ ئۆقرەو نا ئارام ترپەی دەهات. جارێکی تر دەرگات کوتایەوە.



ـ کێیە؟...

لە دەنگی شیرین نەدەچوو! دەشکرێ دەنگی گۆڕابێ! تریفەو شارا نیگایان بەسەر رەنگی هەڵبزرکاوی تۆو روخساری مردوو ئاسای دایکیان و دەرگا نەکراوە کەدا، وەکو جووتێک پەپوولەی سەر لێ شێواویان لێ هاتبوو.

ـ ئێمەین... خۆمانین...

دەنگت دەلەرزی. درزی دەرگاکە پڕ بوو لەبۆشایی. دڵی خێزانت وەک کۆترێکی سەربڕاو، کەوتبوە پەل کوتان. دەموچاوی ئافرەتێک بە ئەسپایی هاتە ناو درزی کراوەی دەرگاکە.

ـ فەرموون...

زمانت بووە لەتە گۆشتێکی مردوو. ویستت ئاوڕێکی لای خێزانت بدەیتەوە بەڵام نەت وێرا. ترسای رقی کپ کراوی حەوت ساڵەی ببێتە بڵێسەی ئاگرو بەربێتە گیانت و هەڵت قرچێنێ.

نا. ئەوە شیرین نەبوو لە درزی دەرگاکە.

ـ ببوورە کچەکەم... ماڵی دیدار... من سابیری باوکیم... تازە لە...

ـ دەفەرموون وەرنە ماڵ! بەخێر بێنەوە...

ـ ئەی دیدار؟!...

ـ دوو مانگ دەبێ ئەم خانوەمان لەکاک دیدار کڕیوە. ئەویش هەرچی هەیبو فرۆشتی، دەستی ژن و تاقە منداڵەکەی گرت و چونە تورکیا. گوتی لەوێوە دەچن بۆ خاریج....

# نامۆ

کڵاوە سپییەکەی لەگیرفانی دەرهێناو کردیە سەری. هەندێک لەبەرامبەر ئاوێنەکە راوەستاو لە روخساری هەڵبزرکاوی خۆی راما.

«کورم تۆ نەخۆشییت! عەیبی تێدانییە با پێکەوە سەرێک لە دکتۆرێک بدەین. رۆژ بەرۆژ سیسترو لاوازتر دەبی»...

لە داو داو تاڵەکانی ردێنی راماکە وەک دەغڵ و دانی عەردێکی تینوو بێ ئاو، هەر تاڵێک لە ئاقارێک دەرچووبو.

(منێک کە دەبێ ردێن پێناسەم بێ)!...

باوکی نەیدەزانی لەرولاوازیەکەی کوڕەکەی هی نەخۆشیی نیە. نیوەی لەخەفەتی ئەم ردێنە بێ سەرو بەرەیە.

تەنها بۆ چرکە ساتێک، لەوانەیە کەمتریش، هەستێک وەک نارەزایی لە دەرونیدا چەکەرەی کرد. ترسا، هەموو گیانی لەرزی، زوو هەستەکەی سرییەوە. بەڵام هەمیشە ئارەزووی ئەوەی دەکرد با چاوێکی نەبوایە، با کونە لوتێکی گیرابا، با گوێچکەیەکی نەبوایە، با هەر بەزگماک کەچەڵیش بوا یە، بەڵام خۆزگە ردێنەکەی ئەوها بوایە کە زۆرجاران لە خەونی شەوانیدا دەیبینی، ئەگەر ئەوتۆ با رۆژی پێنج جار شانەی دەکرد. هەمیشە بەدەوریدا دەهات و تیف تیفەی دەدا.

(منێک کە دەبێ ردێن پێناسەم بێ)!...

لەناو ئاوێنەکەدا، بە وردی سەرنجی دایە بیلبیلەی چاوە ژاکاوەکانی. یەک دوو داوی سپیش لە قژی سەری کەوتە ناو



ئاوێنەکە.

ـ خەریکە ئاسەواری پیربوونێکی بە پەلەم لێ وەدەرکەوێ! بەڵام بیست ساڵ یەکجار زووە بۆ پیربوون! خەتای زەمانەیە... راچڵەکی. نەدەبوایە ئەو هەمووە لە بەرامبەر ئاوێنەدا بوەستێ. ئاوێنە مرۆڤ بەرەو ئاقاری گومان و گوناح پەلکێش دەکات. خێرا وەرسوڕاو بەرەو دەرگای دەرەوە هەنگاوی نا. یەکەم جار پێی راستەی لەکۆسپەی دەرگای حەوشە ئاودیو کرد. هەندێک راوەستا.

ئەوجا پێی چەپەی ئاودیوکرد. لەناو مێشکی دا گەڕایەوە دواوە. ویستی دڵی دابکەوێ لەوەی لە ئاودیوکردنی پێیەکانیدا، هەڵەیەک رووی نەدابێ. گومانێکی لا دروست بوو. لێوەکانی کەوتنە ورتەو تەتەڵە. فوویەکی لەناو هەردوو لەپی دەستی کرد و پرژاندیە تەوقی سەری و هەموو جەستەی. کەوتە ناو شەقامێکی جەنجاڵ و پڕ هاتوچۆ. نیگای شێلو بوو. لەپڕ هەستی کرد کەوتۆتە ناو بیابانێک سەروبنی دیارنیە. دیسان لە پێستی ئادەمیزادێکی زەمینی دەرچوو!

(من سنوورم نیە)!

گەرمای هەتاو، لەشی نوقمی ئارەقەیەکی لینچ کرد. لێوەکانی وشک هەڵگەڕان. نیگای گەڕایەوە ناو قەرەباڵغی شەقامەکە.

(ئەوانە کێن؟ بۆ من کەسیان ناناسم. لەوە دەچێ هەموویان غەریب بن و تازە هاتبێتنە ئێرە)!

لەناو شاشەی نیگایدا، ئەو وێنە جوانانەی بەخێرایی دەقرتاند کە دزەیان دەکردە ناوچاوەکانی و تەمایان وابوو دەمارێک یان ئەندامێک یاخود تەنانەت هەستێک لە هەستە خەوێنراوەکانی وەئاگا بێننەوە. هەستێکی کەبت کراوی لەلا بوروژێنن.

بەئەستەم و بەو پەڕی خۆ پارێزیەوە، وەک کرمێک بترسێ لە پلیقانەوە، بەکەلێنی خەڵکەکەدا رێگای دەبڕی. نەیدەویست تەنانەت

جل و بەرگیشی لەهی ئەوان بخشێ.

هەستی کرد ناو سەری دەپەڵمێ.

(من پەیامێکم پێیە! بەڵام بۆکێ؟ لە کوێ و بەگوێی چ کەسانێکدا بیچرپێنم؟!)...

نەیزانی، سەری هەڵبڕی. باڵدەستەکانی لێک بوونەوە. کرانەوە. سووک بوون. ئەوەندە سووک، جەستەی کێشی نەماو هەردوو پێیەکانی لەعەرد بوونەوە. وەک باڵندەیەکی نامۆ، وەک پەڵە هەورێکی چڵکن، هەڵکشا، لەو دیو مژێکی چڕ، سەیری خەڵکی نێو شەقامەکەی دەکرد.

(ئەوانە کێن لەسەر زەوی؟ کەسیان ناناسم! بۆ وا تێک چرژاون؟! دیارە شوێنەکەیان بەر تەسکە. لەکرم دەچن. وەک من نین سنووریان نەبێ! من بەپەیامێک، بە نووکی شمشێرەکەم هەرچی سنوور بوو لەت لەتم کرد. هەموو نەخشەکانم دڕاند. ڕەش و سپیشم تێکەڵ بەیەک کرد. ئیستایش دەڵێن ئەمە وڵاتی منە! ئەمە شاری منە! ئەمە گەڕەکی منە! ئەم شتانە قسەی قۆڕن... قسەی قۆڕ)...

لە گۆڕەپانی نێوەندی شار، نیشتەوە سەر زەوی.

(من پەیامێکم پێیە! بەڵام بۆکێ؟ لەکوێ هەڵیڕێژم؟!)

ڕاوەستا. بەئارامی، بەهەر چوار لای خۆیدا وەرسوڕا. پیاوێک بەرەو لای هات.

ـ ها عەولا! چی ئەکەیت لێرە؟

ـ عەولا کێیە؟ تۆ کێیت؟!

پیاوەکە سەرێکی بادا. لێی ورد بۆوە. ئەویش زۆر بە ساردو سڕی لەپیاوەکە ڕاما.

ـ من عەولا نیم! تۆیش ناناسم!

ـ ئەوە دیسان لەمە چێتران یەخەیان پێ گرتووی؟! ئەی من باوکت



نیم؟!

ـ باوکم؟ من باوکم نیە! قەت باوکم نەبووە!

ـ وەرە کوڕم وەرە با بڕۆینە بەرسێبەرێک. هەتاو داویەتی لە مێشکت!

ـ ئەی ئەگەر باوکمی بۆ شێوەت لەمن ناکا؟!

پیاوەکە ورتەیەکی لێوەهات. لۆچێکی زۆر کەوتە پێستی خاوەوە بووی سیمای هەڵقرچاوی.

ـ من دەبێ شێوەم لەتۆ بکا کوڕم؟! یان تۆ شێوەت لەمن بچێ کە...

ـ هەر کەسێک شێوەی لەمن نەکا نایناسم! تۆیش باوکم نیت! خۆت ماندوو مەکە...

ـ بتبەمە لای دکتۆر؟

ڕاچڵەکی، دەبێ بڕوا.

(ڕاوەستان مرۆڤ بۆ گەن دەکات. وەک ئاو، دەبێ بەردەوام لەڕۆیشتندا، هاژەمان بێ...)

دەنگی پیاوەکە بەدوایدا هات. بەڵام ئەو لێی حاڵی نەبوو. پێویستیشی بەوە نەبوو لێی حاڵی بێ.

(من پەیامێکم پێیە!)

سەری وەک ئەریەلی ڕادار بەردەوام بەم لاو، ئەولادا ئەسوڕا.

(خەڵکی ئەم شارە سەریان لێ شێواوە! وەک مێروڵە مل لێک دەنێن! هەر ئافەرین خۆم! هیچ پەیوەندیەکم پێیانەوە نیە).

هەردەڕۆیشت. وەک ئەوەی لەشوێنێکی ون بوو بگەڕێ. بەدوو پەنجە لووتی خۆی گرت (شارێک نا، وڵاتێک نا، جیهانێک پڕ لە مرۆڤی بۆگەن... پڕ لە کرم...)

ـ عەولا چۆنی؟

ـ عەولاّ خۆتی کاکە!

دیسان راچلەکییەوە. فەرمانێک لەناو گوێچکەیدا زرینگایەوە. هەستی کرد ناو مێشکی فووی تێکرا. پڕ بوو لە هەوایەکی قورس، حەزی لە دانیشتن بوو.

بەڵام... کەوتەوە ناو بیابانە بەرە هووتەکە. لەدوور، لەو شوێنە کە ئیتر ئەولاتری نەبوو، لێوارەکانی لم و ئاسمان بەیەکەوە دوورابوونەوە (هەیهات! گەلێ دوورە... چی دەمگەیەنێتە ئەوێ! من تینووم! ماندووم! هێزم تیا نەماوە! چۆکەکانم دەنووشتێنەوە! ڕێگا دوورە، ئەوسەری ئەوەتا لە کۆتایی کەون و زەمەندایە. من ماندووم!)

راوەستا. ویستی هەر لەوێ، لەناو قەرەباڵغییەکە، لەناوەڕاستی شەقام و بازارەکەدا، حوشتر ئاسا، چۆک بنووشتێنێتەوەو بنیشێتەوە. (بڕۆ... بڕۆ... لە ڕاوەستاندا دەڕزی... بۆگەن دەبی... بڕۆ...) وزەی تیانەما.

(ناتوانم... ناتوانم...)

گەڕایەوە ناوشار. سەیرێکی خەڵکەکەی کرد. مێروڵە ئاسا، یەکتریان بۆن دەکرد و کوێرانە ملیان دەنا! چووە بان بەرزاییەک. قورگی شەقار ببوو. لێوەکانی قەتماغەیان بەستبوو.

ـ هۆ خەڵکی ئەم شارە! هۆ کرمەکان... مێرووڵەکان... ئێوە سەرتان لێشێواوە! بۆ کوێ دەڕۆن. ئێوە لەناو بازنەیەکی داخراودا گرتان خواردووە.. هۆ...

پێیەکانی دەلەرزین. دەنگی نووسابوو. دەبوایە پەیامەکەی بگەیەنێ! چەند ساتێک مت بوو. دواتر دیسان راچڵەکییەوە.

(هۆخەڵکینە! بگەڕێنەوە. ئەوەتا من لێرەم. روو لەمن بکەن. ئەوە هەزاران ساڵە لە دەوری خۆتانا دەسوڕێنەوەو مل لێک دەنێن! هەمووتان بۆگەن بوونە! ڕزیون! چیتر خۆتان مەخەڵەتێنن. وەرن...



ئەوەتا من لێرەم...

تفێکی وشکی بەئەستەم قووت دا. ناو قوڕگی، وەک ژەقنەبووتی خواردبێ، یان ژەهراوی نۆشیبێ، تاڵ و زەمهەریر بوو.

ـ ئێوە لە بەرچاوم بوونەتە سێبەرو تارمایی....

خەڵکەکە وەک ئەوەی هەموو کەڕ بن و گوێیان لە هیچ نەبێ! کەس پیتەی پێ نەکرد. تەنها منداڵێک، ساتێ سەری بەرزکردەوەو لێی ڕاما هاواری کرد:

ـ وەرن! شێتێکی تازە هاتۆتە شار...

بەرزاییەکەی ژێر پێی، وەک سەهۆڵی بەرهەتاو توایەوە. کە چاوی کردەوە، تاک و تەنها لە بیابانە بەرە هووتەکە لەسەر زگ کەوتبوو. بەزەحمەتێکی زۆر، لێوە قەتماغە بەستووەکانی لێک ترازاند. چنگێک لمی گەرمی خستە ناو دەمی و پێڵوی چاوەکانی، پەنجەرەی نیگایان داخست.

## کێ پەپوولەی منی شێلا! . .

وڕوکاس بوویتە. جەنجاڵی شارێک لەناو مێشکتدا دەنگ دەداتەوە، لە ئاوێنەکە سەیرێکی ئەو پیاوە بێ دەنگە دەکەیت لە دواوە، وا پاڵی داوەتە کوشنەکە وەک نیازی وابێ تاکۆتایی زەمەن دانەبەزێ.

ـ ئەوە پێم ناڵێی ماڵت لە کوێیە؟ خۆ هەموو کوچەو کۆڵانەکانی شارت پێم کرد...

ـ لای چەپت بگرە...

نیوەڕۆش بۆت نەکرا بچیتەوە ماڵ.

«خۆزگە سەرێکم لەماڵەوە بدابایە»

نەخۆشیەکەی «چرۆ» دڵتی گوشی. ناو لەپی دەستێکت بەدەموچاوتدا هێنا، بەڵام ماندوو بوونەکەتی نەسڕیەوە.

ـ لای راستت بگرە...

دیسان لە ئاوێنەکەیا سەیرێکی خێرای کابرای دواوەت کردەوە. ناو سییەکانت ژەنگی گرتبوو لە دووکەڵ و قرێژی جگەرە. چاوت کەوتە سەر پاکەتەکە بەڵام دەستت بۆی نەبرد.

ـ لای چەپت بگرە...

گێژ بوویتە.

«دەڵێی ترام پێ دەکا» ...

بەدەگمەن کەسێک دەبینی لە دەرەوە مابێ. تاریکایی شەو هەموو



خەڵکی ئاخنیوەتە ماڵەوە.

ـ دیسان لای چەپت بگرە...

شەکەتی و بێزاریی، بەردەوام موچڕکەی بەگیانتا دەهێنا. پەنجەکانی دەستێکت کردە شانەو بەهەندێک توڕەییەوە بەقژەکانتدا هێنا، خۆیشت نەتزانی بۆ وات کرد.

«خۆزگە بە گوێی شەمامم دەکرد و چرۆم دەبردە لای دکتۆرێک. نەمتوانی قیروسیا لە رۆژێک ئیش بکەم».

ـ ئەوە بۆ کوێ کاکە... کۆڵانەکەت رەتدا، بگەڕێوە دواوە...

ـ ئەی بۆ دەنگ ناکەی...

ـ من دەنگ ناکەم یان تۆ خەوت لێ کەوتووە. دووجار وتم لای راستت بگرە گوێت لێنەبوو... ئەوە چییە خەوت دێ...

هیلاک و کوتراوی. نەخۆشیەکەی چرۆ ئەوەندەی تر پەشۆکاوی کردوویت.

ـ لێرە بوەستە...

ژنێک لەچوار چێوەی دەرگایەک وەستا بوو. وەک تابلۆیەکی چاوەڕوانی.

«شەمامیش ئێستا لەناو دەرگاکە لەچاوەڕوانیمدا وەستاوە»...

چەندە تیشکی لایتی سەیارەکەت تاریکایی شەوی هەندێک دەڕەواندەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چاوەکانت رەشکەو پێشکەیان دەکردو نیگات لێڵ بوو بوو.

کەوتبویە ناو کۆڵانە تەنگ و تاریکەکان تا، قەد بڕلێدەیت و زووتر بگەیتە سەر شەقامە سەرەکیەکە. پەلەی زوو گەیشتنەوەت بوو، سەیرێکی کاتژمێرت کرد. دڵنیگەرانیت هەر دەهات و پتر دەبوو.

«چرۆ ئەگەر نەخۆش نەبوایە هێشتا کاتی خەوتنی نەهاتووە»...

تارماییەک لە ماڵێک بەپڕتاو دەرچوو. بەئاستەم کەوتە

بەرنیگات.

ویستی پانایی کۆڵانەکە بەڕاکردن ببڕێ، تەنیا چرکە ساتێ بوو، وەک سیبەرێکی ترساو، لێڵی نیگاتی شڵەژاند. گوێت لێ نەبوو، بەڵام هەستت کرد قیژەیەکی ناتەواو هاتە ناو مێشکت. وەک شتێکی لیق و لینچ بکەوێتە ژێر پێت.

هەڵوەستەیەکی کورتت کرد. ناو قورگت تاڵ بوو. نەتزانی هی جگەرەیە یان هی گریانێکی پەنگ خواردووە.

***

ـ چێشتەکە تامی تیا نەما ئەوەندەی گەرمی کەمەوە...

ـ برسیم نییە...

برسیت بوو. بەڵام هەموو ئەو هەستانەی لەناو مرۆڤێکی ئاساییدا هەن لەناو تۆدا سڕابوونەوە، تەنانەت هەست بە برسێتیش.

ـ دیسان ئەمیر...

ـ دیسان چی شەمام...

ـ دیسان هیلاکبوونی دەرەوەت هێنایەوە ماڵەوە... ئەوە بۆ وا شپرزەیت، هەموو گیانت دەلەرزێ، ڕەنگ بەرووخسارتەوە نەماوە، زۆر هیلاکی ئەمیر؟

ـ نە

ـ نەخۆشی؟

ـ نە

ـ ئەی چیتە

قیژاندت بەسەریا

ـ هیچم نییە...

ناو سەرت بەتاڵ بوو بوو، قیژانەکەت دەنگی دایەوە:



ـ ئەمەوێ بخەوم، ئەمەوێ بمرم، دەبڕۆ بەرۆکم بەردە، بڕۆ...

قورسایی نیگای شەمامت هەست پێنەکرد. بەڵام هێشتا قیژەیەکی ناتەواو، هێشتا ورد بوونی ئێسقانە ناسکەکانی پەپوولەیەک لەناو گوێتان غژژژژەی دەهات.

مرۆڤێکی مردوو لەدەروونتەوە تفی لێت کرد. ئەو مرۆڤە لە ئاوێنەیەک دەچوو هەموو بەیانیان خۆت تیایدا دەبینی.

«هەی نامرۆڤ»...

شەمام هاتەوە. نەتزانی چەندەمین جگەرەیە بەناتەواوی دەیکوژێنیتەوە.

ـ چرۆ تای لێیە ئەمیر...

ـ ها؟ چرۆ؟...

لەبیرت نەبوو کەسێکت ناسیبێ ناوی چرۆبێ.

ـ چاک دەبێتەوە!

شەمام لەپرمەی گریانی دا.

ـ تۆ چیت بەسەر هاتووە ئەمیر؟...

پێڵووی چاوەکانت گەلێ قورس بووبوو. بەئەستەم لێکت کردنەوە. شەمام لەناو چوارچێوەی نیگاتدا شڵەژابوو. هەوڵتدا نیگا ئاڵۆز بووەکەت بگەڕێنیتەوە دۆخی جاران تا شەمام ببێتەوە تابلۆی ئەڤین و لەناو بیلبیلەکانتدا سەنتەر بێتەوە، بۆت نەکرا.

لەسەر پشت پاڵ کەوتی. بنمیچی ژوورەکە ئەوەندە دابەزیبوو، وات دەزانی کەوتۆتە سەر سینگت و ڕێگەی هەناسەتی بڕیوە.

ـ شەمام

ـ بەڵێ ئەمیر..

ـ من... من نامرۆڤم؟!

ـ نە ئەمیر نە! تۆ هەمیشە مرۆڤ بوویتە... مرۆڤێکی پڕ

لەهەست.. پڕ لە خۆشەویستی.

ـ نا...

دیسان قیژاندت بەسەریا

ـ درۆ دەکەیت! من مرۆڤ نیم... ئەگەر مرۆڤ بوومایە...

شەمام هەر دەگریا. گریانەکەی وەک ناو قوڕگی تۆ تاڵ بوو.

ـ تۆ چیت بەسەر هاتووە ئەمیر... چیت لێ هاتووە من نازانم...

هەستایتەوە. ئێسقانەکانت هەمووی لە بەریەک ترازابوون. لەپشت پەنجەرەکەوە، ترومبێلەکەت کە لە حەوشەیا راتگرتبوو، وەک دەعبایەکی ناشرین چەقیە ناو چاوت. قیژەیەکی ناتەواو لەناو کاسەی بەتاڵی سەرتەوە دەنگی دایەوەو مت بوو. مستێکت راوەشاندە شووشەی پەنجەرەکەو ئارام خلیسکایە ناو جیهانێکی کپ و بێ دەنگ.

***

ـ ئاخ...

ـ چی بوو ئەمیر؟

ـ چرۆی کچت دیسان دەستمی کولاندەوە!

ـ ئەوە تۆ نایەڵی دەستی باوکت چاک بێتەوە چرۆ؟

دەنگی لە مۆسیقا دەچوو.

ـ ئەی بۆ باوە پێم ناڵێ کێ دەستی بریندارکردووە؟

شەمام بە ئارامی لات دانیشت.

ـ بۆ ناچیتە دەرەوە هەوایەک لێت دا. ئەمڕۆ دە رۆژە لە ماڵەوە دەرنەچویتە.

کەسەیری ناو ئاوێنەکەت کرد دڵت لەرزی. هەستت کرد رەنگی روخسارت رژایە سەر عەردو هەڵبزرکایت. خێرا لاچویت.



کەوتیتە سەر شەقام. ویژدانت کەوتبوە جوولە. ترس و شەرم ئازارتی دەدا. لات دایە ناو چایخانەیەک.

جەنجاڵ بوو، بەدەم چاخواردنەوەدا دیقەتی هاتوچۆی خەڵکی دەرەوەت دابوو.

«بەڵکو نەمردبێ!»...

ئەگەر شوێنی رووداوەکەت لەبیر بوایە پێت خۆش بوو گوزەرێکی ئەولا بکەیت.

ئەوکات گێژو هیلاک بووی. نەخۆشیەکەی تاقە کچەکەت سەری لێت شێواندبوو.

ئەوە بۆ چەند ساڵ دەچێ هەر تەکسیت لێخوڕیوە. شارەزای هەموو کون و قوژبنەکانی شاری، بەلام ئەو شوێنە، لەتاریکایی ئەو شەودا، لەناو بیرو مێشکی جەنجاڵ و نائارامت دا نامۆبوو. هەموو ئەو دە رۆژەی لەدوای رووداوەکە لەماڵەوەدا پاڵ کەوتبوی و ترس رێگەی هاتنە دەرەوەتی نەدەدا، هێنات وبردت نەتزانی کامە گەڕەک و کام کۆلان بوو. دوایش کە پەپوولەیەکت شێلاو بووی بە نامرۆڤ و رات کرد هەر بەجارێ شارت لێ سەراو بن بوو.

ویستت چایخانەکە جێ بێڵی، لەسەر شۆستەکە دەموچاوێکی ناسیاوت بەرچاو کەوت. چووی بەدوایدا.

ـ هادی...

ئاوڕی دایەوە. ویستی بڕوا. لەپڕێکا وات بۆهات ئەمە هادی نییە. ئەو هەموو لۆچە لەدەموچاوی هادی نەبوو. ئەو ردێنە بێ سەروبەرە هی کەسێک نەبوو لەهەموو باردۆخێکدا، رۆژی جارێک ریشی دەتاشی. ئەی ئەم سەیرکردنە ساردو سڕە.

ـ هادی... خۆتی؟

ـ چۆنی ئەمیر؟

ـ ئەوە بۆ... بۆ وات لێ‌هاتووە؟
ـ گیانی بەگیانی بوونمان هەر ئەوەندە بوو ئەمیر؟!
ـ نەمزانیوە نەخۆش بوویتە هادی؟ نازەو دایکی چۆنن؟
ـ نازە؟

فرمێسکت دی لە چاوەکانیا پەنگیان دایەوە. وەک کانیاوێک لەدڵی شاخێکا بتەقێتەوە.

ـ کۆترە تاقانەکەی باوە دای لەشەقەی باڵ و فڕی... نازە جێی‌هێشتین ئەمیر...

هاوزای چرۆی کچت بوو. هادی ناوی کچەکەی تۆی نا، چرۆ. تۆش ناوی نازەت بۆ کچەکەی ئەو هەڵبژارد. تاڵاوەکە هاتەوە ناو قورگت. زمانت سڕ بوو، وەک لەتەگۆشتێکی مردوو. هادی لەناو نیگای شێلووتدا بووبە هەزار پارچە.

ـ چاومان بە ڕێگەتانەوە قەتیس ما. هەر نەهاتن. دەمانویست لەباتی نازە، چرۆ بۆن کەین ئەمیر. هەر نەهاتن...
ـ کەی هادی... نازە کەی...
ـ دە ڕۆژە. ئەمڕۆ دەڕۆژە...

دەنگت دەلەرزی، ئەژنۆت لەژێر باری قورسی تاوانەکەتدا دەچەمایەوە.

ـ چۆن... چۆن هادی ...

هەستت کرد وا لە دەروونندا بەتاڵ دەبیتەوە. وەک شەوی یەکەمی ڕووداوەکە.

ـ بووکە شووشەکەی لای کچەکەی بەرامبەرمان جێ‌مابوو، شەو پێش خەوتنی وڕکی داگرت وتی دەچم بووکە شووشەکەم دەهێنمەوە. سەیارەیەک شێلابووی. ئێمەیش تازە هەفتەیەک بوو ماڵمان گواستبۆوە ئەوێ. هێشتا کەسێکی وامان نەدەناسی و نەشارەزا



بووین. بەو شەو تا سەیارەمان دەست کەوت و گەیاندمانە دکتۆر....

پێشتر نەت دیبو پیاوێک لەناوەڕاستی شەقامێکدا ئاوها تاڵ و بەدەنگەوە بدا لەپڕمەی گریان.

ـ نازەمان تۆ خۆش ئەمیر...

مرۆڤێکی مردوو، بێ هەست و دڵڕەق، لەدەروونتا تفی لێت کرد. ئەو مرۆڤە لە ئاوێنەیەک دەچوو هەموو بەیانیان خۆت تیایدا دەبینی..

## کوندەپەپۆیەک لەودیو پەنجەرەوە....

«بەدرخان» بەناو لەپی دستی، هەڵمی سەرجامی پەنجەرەکەی سڕییەوە. سەیرێکی دەرەوەی کردو لە بەر خۆیەوە گوتی:

ـ باران مۆڵەت نادا... دەترسم دوا بکەوم!

«پوورخاتون» بە ئارامی نیگای بەسەر قەدوباڵای کوڕەکەیدا هەڵکشاندو لاولاوە ئاسا لە دەوری ئاڵاند. بەدرخان، لە دواوە ، وەکو وێنەیەک کەوتبوە ناو چوارچێوەی پەنجەرەکەوەو بەبەرچاوی دایکیدا جوانترین تابلۆی هەموو تەمەنی بوو.

(خاتوون، ئەم نەخۆشیە نەفرەتیە زوو بەرۆکی پێ گرتم! حەزم لێبوو «بەدر» ببینم بۆتە پیاو...

خاتوون دەیزانی پیاوەکەی هەر رۆژ و هەنگاوێک بەرەو مەرگ دەڕوات. بەڵام دەبوایە دڵی بداتەوە.

ـ ورەت قایم بێ باوکی بەدر... لەبیرت نایە ئەو رۆژەی لەدروێنە ماریپێیوەدای و دەستمان لێت شۆرد. تۆ گوتت من پشیلەی حەوت گیانم... تازە ئەوە یەکێکیان فت...

ـ راست دەکەی خاتوون... ئەو رۆژەیش کەلە سواخدانی سەربانەکەی ماڵی دەروێش عەلی پام خلیسکاو کەوتمە خوارەوەو سێ پەراسووم شکا هەمیسان گوتتان باوکی بەدر ئیدی هەڵناستێتەوە... منیش دەمگوت هێشتا پێنج گیانم بە بەرەوە ماوە!..

ـ بەڵام هیچیان وەک ئەو جارە نەبوو کەلە هەراو بەزمی شاییە



خوێناویەکەی کوڕی کوێخا ، گوللەیەک هەموو ناو سکتی هەڵتەکاندو وەک لاشەی مردوو خستتیانە ناو بەتانیەک و هێناتیانەوە... ئەوسا گوتمان ئەگەر لەباتی پێنج، دوانزە گیانیشت هەبێ هەڵناستیتەوە...

ـ بەڵام هەستامەوە خاتوون... وانەبوو؟...

ـ وابوو باوکی بەدر... وابوو...

ـ بەڵام ئەمجارە... پێچەوانەی هەموو جارەکانە خاتوون! هەمووتان دڵم دەدەنەوە! کەچی خۆم دەزانم شتێکی وام نەماوە...

ـ من دڵنیام ئەمجارەیش هەڵدەستیتەوە... دڵنیام...

کەشەو داهات خاتوون زانی پیاوەکەی دوا هەناسەکانی هەڵدەکێشێ. لەگەڵ یەکەم قووقەی کەڵەشێرەکاندا، دەستی ساردەوە بووی باوکی بەدر لەناو دەستەکانی خاتوون خلیسکا، ئەوسا بەدر هێشتا باڵق نەببو).

دڵۆپێک فرمێسک کەوتە بان دەستی و پوورەخاتونی لەدنیای یادوەریە تاڵەکانیدا دەرهێنا. زوو تەڕایی چاوەکانی سڕییەوە.

ـ چایەکەت سارد دەبێتەوە کوڕم بەدر...

دوای هەندێک دوو دڵی درێژەی بەقسەکانیدا:

ـ بڕیار وابوو بەر لە چوونەوەت قسەیەکی سەر راستم بدەیتێ کوڕم...

بەدرخان گەڕایەوە، چوار چمکی لە تەنیشت دایکی دانیشت و بە بزە پێکەنینێکەوە گوتی:

ـ بۆ وا بەپەلەی دایە! ئاوا بوومەتە بارگرانی لەسەر شانت؟!..

ـ خۆ ئەگەر ژن بێنی دەبنە دوو باری گران لەسەر شانم رۆڵە! ئەو هەموو دڵ لە دڵ دانەی پێ ناوێ! لە بیست و پێنجساڵەوە بۆ کوێ؟

بەدرخان بەپەلە چایەکەی خواردەوەو هەستایەوە، دیسان چووەوە بەر پەنجەرەکەو دەستێکی بەجامەکەدا کێشا.

ـ ئەمە چیتە ئۆقرە ناگری بەدر؟! خۆ هێشتا وەختی چوونت نەهاتووە کوڕم!

ـ دەمەوێ سەرێک لە ...

ـ لەکێ؟

پوورخاتوون هەرچەندە لەمەبەستی کوڕەکەی گەیشت، لەگەڵ ئەوەشدا بەتوڕە بوونێکی هەست پێکراو، پرسیارەکەی خۆی دووبارە کردەوە!

ـ دەتەوێ سەرێک لەکێ بدەیت؟ ها؟...

ـ ئەوە بۆ وا هەڵچووی دایە! دەمەوێ سەرێک لە نازەنین بدەم... لە نازەنین...

لۆچەکانی دەموچاوی پیرەژن تێک ئالان.

ـ کوڕم واز لەو ماڵە بێنە! بەپیر قەزاو بەلاوە مەچۆ! خۆت وا دەبینی..

بەدرخان قسەی بەدایکی بڕی:

ـ بچمەوە چی بە وریا بڵێم دایە؟ چی پێ بڵێم بڵێم نەمتوانی یان نەموێرا ژنەکەت ببینم لەترسی قەزاو بەلاو قسەلۆکی خەڵکی؟ ڕەنگە لەبیرت چووبێتەوە وریا کە بەئیجازە دێتەوە، بەر لەوەی بچێتەوە ماڵی خۆی دێتە لای تۆو وەک من پێت دەڵێ دایە!...

***

دەنگەزیقەکەی لەپێش خۆی گەیشتە ژوورەوە. حەکیم چاوی لەسەر کتێبەکەی دەستی هەڵگرت:

ـ خوا خێرکا! هەر چەندە خێر بەپاتەوە نیە!

«ڕەعنا» بەلەچکەکەی سەری، دەموچاوی خۆی وشک کردەوەو ڕووی کردە حاجی ڕەمەزان:



ـ ئەوە لای خۆی تۆ حاجیت! نامووسی کوڕە گەورەی خۆتت لەو دوورە، لەتاقە ژوورێکی بێ حەوشە و بان فڕێداوە، هەر هیچ نەبێ ئاگاداری بە! سێ کوڕی مل ئەستوورت لەماڵەوە داناوە دەڵێی دابەستێن! غیرەتیان نیە مەنعی کوڕەکەی خاتوون بکەن ئەوەندە جرت و فرت نەچێتە لای بووکەکەتان...

زۆراب، وەک لەرەگی غیرەتیان دابێ، گورج هەستایەوە سەرپێ.

ـ ئێستا لەوێیە ڕەعنا؟!

ڕەعنا، لەچکەکەی لەسەری ئالاندەوە و گوتی:

ـ کەی لەوێ نەبووە! هەموو کات و ساتێک لەوێیە...

حەکیم خۆی بۆ نەگیراو بەڕووی ڕەعنادا هەڵچوو:

ـ ئەوە چیتە دەڵێی پەیامهێنەری شەڕو فیتنەی! دنیا سەراوبن بێ تۆ لەبەزمی خۆت ناکەوی...

ـ لەبێ خەبەران کەشکەک سەڵەوات کاک حەکیم! وریاش دڵی خۆشە برای هەیە و پارێزگاری لە نامووسی...

ـ زمانت ببڕە غەزەبی! دیسان چ فیتنەو گۆبەندێکت لەبن سەرە! هەر تۆ نەبوویت نازەنیت لەم ماڵە بەدەرکردن دا...

حاجی ڕەمەزان سەرێکی بادا:

ـ ڕەعنا فیتنەی نەهێناوە حەکیم! ئێوە لەگوێی گادا خەوتوون! بڕۆن یەخەی ئەم هەتیوەی خاتوون بگرن با زێتر نەچێتە لای ئەم... بەنەعلەت بێ شەیتان...

زۆراب قیژاندی:

ـ هەستن حەکیم... جەبار... بەدوامدا وەرن!

***

لەگەڵ شریخەی هەورە تریشقە لە دەرگادرا. نازەنین ڕاچڵەکی.

ترس و سەرماو تەنهایی، وەک گورگی برسی چەپۆکیان لە جەستەی
چەقاندبوو. لەناو گریانە مەییوەکەی ناو قورگیدا پرسی:

ـ کێیە؟ ئەوە کێیە لەپشت دەرگا؟

لەبەر هاش و هوشی باو باران و ئاڵۆزیی مێشکی، گوێی لە هیچ ولاَمێک نەبوو. دەرگاش بەردەوام دەکوترا، تەکانێکی دایە خۆی. هەستی کرد ئەژنۆکانی دەنووشتێنەوەو جەستەی راناگرن.

ـ ئەوەکێیە لەپشت دەرگا...

تریشقەی هەور رایچڵەکاندەوە. پەنجەکانی هەردوو دەستی لە قورگی خۆی ئالآند «ئەوە زۆرابە! نە، زۆراب نیە، جەبارە شێتە.... ناردویانە بمکوژێ» هەناسەی لەناوەڕاستی قورگیدا چەقی و نەهات. ڕەنگی هەڵبزرکا. ویستی هاوار بکا. هەوڵی دا پەنجەکانی لە دەوری قورگیدا خاو بکاتەوە، بۆی نەکرا. وەک ئەوەی پەنجەکان هی خۆی نەبن...

«ئەوە جەبارە شێتە... ناردویانە بمکوژێ...»

تورەتر قیژاندی:

ـ ئەوە کێیە لە پشت دەرگا؟

ـ نازەنین ئەوە شێت بوویتە! چەند جار بڵێم منم... دەرگا بکەرەوە...

لەباتی ئەوەی بەرەو دەرگا بڕوا، هەنگاوێک بۆ دواوە کشاوە.

ـ تۆ کێیت؟

ـ لەژێر باران رام مەگرە نازەنین. منم بەدرخان...

ڕێگای هاتۆچۆی هەناسەی کرایەوە. وزەی جاران گەڕایەوە ناو ئەژنۆکانی هەر کە دەرگای کردەوە، بەدرخان خێرا، خۆی کوتایە ژوورەوە.

ـ یەک سەعاتە ئەم دەرگا شەڕە دەکوتم نازەنین. ئەوە بۆ وا



هەڵبزرکاوی؟ نەخۆشی؟...

***

حەکیم زۆر هەوڵیدا «زۆراب»ی برای خاوکاتەوە.

ـ خۆتان لەگێڵی مەدەن زۆراب! هەمووتان ئەو پیرە بەرازە دەناسن، بۆتە چاوگەی فیتنەو شەڕنانەوە. کام ماڵ لەم گوندە ماوە پروشکی ئاگری ئەم نەفرەتیەی بەر نەکەوتبێ... کەس هێشتا بۆی ساغ نەکراوەتەوە ئەو دەڵە سەگە چەند مێردی کردووەو سەری چەندی خواردووە، ئێوە دەبێ چەند نەزان بن بە قسەو ئەقڵی ئەو، هەڵسوکەوت دەکەن...

زۆراب، هەڵوەستەیەکی کردو بە «جەبار»ی گوت:

ـ تۆ لێرە بەشێتە! مەجوڵێ! ڕێگای لێرەوەیە. لە بیرت نەچێ هەر ئەو گورزەت لە دەستە پارگورگێکت پێ کوشتووە!.

حەکیم دیسان هەوڵێکی دیکەی دایەوە:

ـ گوێ بگرە زۆراب! خەڵکیش وتۆیش، ئەوە چاک دەزانن وریاو بەدرخان هەر لە منداڵییەوە وەک دوو برا پێکەوە گەورە بوونە. کارێکی وا مەکە پەنجەی پەشیمانی بگەزی.

زۆراب بێ ئەوەی گوێ لەقسەکانی حەکیم راگرێ لە جەباری دووبارە کردەوە

ـ من دەڕۆم شێتە!

حەکیم هەر ئەوەندەی بۆ مایەوە، خۆی لە ئاژاوەکە دوور بخاتەوەو بەفیتی پیرەژنێکی فیتنەگێڕ نەخەڵەتێ.

زۆراب، کە بەرەو کەلاوەکەی نازەنین هەنگاوی دەنا، دەستەویەخە بوونی لەگەڵ بەردخان، هەموو قەوارەی مێشکی داگرتبوو. بەر لەوەی پاڵ بە دەرگا دارینەکەوە بنێ و راکوتێتە ژوورەوە، لە درزی کراوەی

دەرگاکەدا، دەنگی بەدرخان هاتە بەر گوێی:

ـ ئێوە لەسەرەتای ژیانی هاوسەریتان، شایانی ئەم وەزعە نالەبارەنین! لەوێ لەگەڵ وریایا قسەم کردووە. بڕیار وایە بگەڕێنەوە ماڵی خەزوورت. ڕێگا نەدەن خەڵکی ئاژاوەچی، ئاگری نێوانتان خۆش بکەن. نە وریا دەتوانێ ئێشکچی تۆ بێت و نەتۆیش دەتوانی وەک کوندە پەپو لەم کەلاوەیەدا بژیت. هەر پەسندیش نیە بۆ ئافرەتێکی وەک تۆ گەنج لێرە بکەوێ بەتەنهایی.. من وەک برای هەردووکتان بۆتان پەرۆشم نازەنین...

نازەنین بەدەم گریانەوە قسەکانی بەدرخانی بڕی:

ـ ئێستا پتر لە هەموو کاتێک هەست بەبێ کەسی دەکەم بەدرخان! وریا ڕێز لەقسەکانی تۆ دەگرێ. پێی بڵێ با زوو ئیجازەیەک وەربگرێ و بێتەوە بمباتەوە ماڵی باوکی. شەو و ڕۆژ با بە شەق تێم هەڵدەن من ڕازیم، با لەگەڵ ئەوان و لەناو ئەواندا بژیم. ئەم وەزعە خەریکە دەمخنکێنێ بەدرخان...

زۆراب پەنجەکانی خاو کردەوە. ئەژنۆکانی چەمایەوەو هەر لەوێ، لە پشت دەرگا نیوەکراوەکەدا دانیشت.

ـ دوای نیوەڕۆ من دەچمەوە نازەنین! بەیانیش وریات بۆ دەنێرمەوە...

ـ خوات لەگەڵ بەدرخان...

زۆراب هەر ئەوەندەی بۆکرا، خۆی حەشار بداتە پەنایەک و نەکەوێتە بەرچاوی بەدرخان. دواتر بەپەلە خۆی کوتایە ژووری نازەنین.

ـ مەترسە... مەترسە نازەنین... خۆت سازدە بابچینەوە ماڵ...

لەپڕ، زۆراب، بەدرخانی هاتەوە بیرو بەپڕتاو دەرچوو. دەیزانی گورزێکی جەبارە شێت ، تۆماری تەمەنی بەدرخان بۆ یەکجاری



دەپێچێتەوە. باران سەر لەنوێ دایکووتایەوە.

جەبار، بەدرخانی دی لەو سەر کۆڵانەکەوە، خێرا هەنگاوی دەناو سەری خستبوە ناو پاڵتۆکەی.

زۆراب، پای خلیسکاو کەوت. هەناسە بڕکێی گرتبو.

ـ خوا بەلەعەنت کا ڕەعنا.. چ گۆبەندێکت نایەوە...

بەرچاوی تاریک بوو. هاواری تێکەڵ بە گرمەی هەور بوو:

جەبااار..... دەست ڕاگرە جەبار........

باران بە لێزمە دەباری. کەس بە دەرەوە نەبوو، لەو ڕۆژە زستانیە ساردو بارانیەدا، کەش لێڵ و مژاوی وتاریک بوو.

زۆراب کە خۆی گەیاندە جەبار هەمان بزەی لەسەر لێوی بینی کە پار لەدوای کوشتنی گورگەکەیا لەسەر لێوی بینیبوی! دڵی داخوڕپاو ددانەکانی بەسەریەکەوە قفڵ بوون.

***

پوور خاتوون، بەناولەپی دەستی، هەڵمی سەرجامی پەنجەرەکەی سڕیبوەوە، سەیرێکی دەرەوەی کرد. ڕەعنای کەوتە بەرچاو بەپەلە بەرەو ماڵی ئەوان دەهات.

ـ نازانم بەدرخان بۆ وا تاخیر بوو...

## ژووری ئاشتی

بەدەستیکی پەلاماری پاکەتەکەی سەر دەشبولی دا. لەرزینی پەنجەکانی لە دەرکردنی جگەرەدا، ئەو پەڕی تێک چرژانی دەمارەکانی توڕەبوونی دەرئەخست. بێ ئەوەی وەک کاتەکانی تەبابییدا، یارمەتی لەخێزانەکەی و ەربگرێ، بەهەمان توڕەییەوە جگەرەکەی داگیرساند، هێشتا لە گەڵ خۆیدا خەریکی مشت و مڕبوو. «یەکێک نیە بڵێ بۆ خەتا لەمنە؟ ها؟ بۆ خەتا لەمنە؟»

دووکەڵی جگەرە، ژنەکەی سەخڵەت کرد. بەفیزێکەوە، دەستی راوەشاند تا دووکەڵەکە لەخۆی دوور بخاتەوە.

«چۆن دەبێ هیچ حسێبێکم بۆ نەکا»؟!

ئەویش بێ ئەوەی ، وەک لە کاتەکانی تەبابییدا، یارمەتی لە پیاوەکەی وەربگرێ، بەتوڕەییەوە، جامی پەنجەرەکەی لای خۆی هەندێک داگرتە خوارەوە. قسەکانی لە ژێر ددانەکانیدا دەهاردران.

«دوایین بڕیار هەمیشە هەر هی پیاو بووە! ئەی کوا یەکسانی؟ ئەمەیش ئیدی بۆتە دروشمێکی سواو. لەم کۆمەڵگەنەفرەتیەدا، پیاو هەر لەجێگەی خۆی مایەوەو ئافرەتیش هەر لە شوێنی خۆی! یەکەم و دوا قسەیش هەر بۆ پیاو مایەوە! دنیا و بنیا دانیان بەیەکسانی ئافرەت و پیاو دانا کەچی..»

پیاوەکە پژمی. سەیرێکی پەنجەرەکراوەکەی لای ژنەکەی کردو ژنەکەیش بەخێرایی جامی پەنجەرەکەی هەڵکشاندەوە سەرەوە!

«سەرمای بوو! خۆزگە پەنجەرەکەم نەکردبایەوە»!



پیاوەکە دووجاری تر پژمی، ژنەکە کەوتە دڵەخورپە.

«چۆن بیرم لەسەرمای دەرەوە نەکردەوە! نەدەبوایە پەنجەرەکە بکەمەوە»! بە ئاستەم و ئەسپایی، ئاوڕێکی لای پیاوەکەی دایەوە.

«ببوورە ئازیزم! خەتا لەمن بوو، پەنجەرەکەم کردەوە»!

هەر چەندە قسەکانی بە بێ دەنگی کرد، بەڵام پیاوەکە هەم بەگۆشەی چاو، ئاوڕدانەوەی خێزانەکەی هەست پێکردو هەم گوێی لە لێبووردنەکەی بوو. لە هێڵێکی نهێنیەوە، پەیوەندیەکی کز، لەنێوان هەردووکیان سازو تەیار بوو. پیاوەکە، تەپڵە جگەرەکەی راکێشایە دەرەوەو جگەرەکەی تیادا پلیشاندەوەو پاڵی دایەوە ژوورەوە.

«هەر بە ئانقەست منی راپێچایە لای دایکی! تا بەدایک و کچ وام لێبکەن بۆیان بسەلمێنم. ناشزانن پیاو ئەگەر دای لەکەللەی..»

پژمینێک تانیوەی رێگا هات و چوکی کرد، ژنەکە پێکەنینی هات. ویستی وەک کاتەکانی تەبایی، پێی بڵێ (نیوە عافیەتت بێ حەیاتم)! لەترافیک لایتەکە، لە بەردەم گڵۆپی سووردا راوەستان. هاوکات لەگەڵ یەکدیدا، بیریان بۆلای منداڵەکە چوو. پێکەوە ئاوڕێکی دواوەیان دایەوە. هەستی هاوبەشیان لە خۆشەویستی منداڵەکە، پلەیەکی توڕە بوونیانی دابەزاند.

لە دوای دڵنیا بوونیان لەوەی کۆرپەکەیان هێشتا خەوتووە، لە ناوەڕاستی، رێگای روو وەرچەرخاندنیاندا، نیگایان، تەنها بۆ ماوەی یەک چرکە تێک ئاڵاو گرێی خوارد. کەچی هەردووکیان، بەخێرایی هەوڵی ترازاندن و پچڕاندنیان داو روویان لە پێشەوە کردو هەریەکەو لەراست خۆیدا، کەوتەوە ناو گێژەلووکەی مشت و مڕەکانیدا.

رێگای رۆیشتن کرایەوە. پیاوەکە دیسان بێ ئەوەی یارمەتی لە خێزانەکەی وەربگرێ، جگەرەیەکی دیکەی داگیرساند.

«بشمرێ ئەمجارەیان ناتوانێ لەخشتەم بەرێ! راستە جاری پێشو

لەسێ ڕۆژ زیاتر خۆم بۆ ڕانەگیرا! شەوەکەی کێچ کەوتە کەوڵم و ورەم بەردا! بێ دەنگ خزامە ژێر بەتانیەکەی! هەر خۆی لادا تا...»

قومێکی درێژی لە جگەرەکەیدا.

«بەڵام ئەمجارە نا.. گریان سەری مانگەو.. هەر دان بە خۆما دەنێم»! دوگمەی ڕادیۆکەی سوڕاند:

«توڕە مەبە خۆت زیز مەکە
خوا ئەتگرێ خوا ئەتگرێ
کە بێ دەنگم وا مەزانە تاوانبارم چیم پێ ئەکرێ
حەزێکی شێت دەمو دەست و چاوی گرتووم..

خێرا، ڕادیۆکەی کوژاندەوە.

ـ دەبا هەر توڕە بێ! ئەوە من نیم دەپاڕێمەوە...

دووکەڵ لەناو سەیارەکەدا، پەنگی دابۆوە.

«ئاوم بێ پرس و ڕای ئەو نەخواردۆتەوە تا نەڵێ پیاوەکەم لافی ڕۆشنبیریی لێدەداو ڕێز لەمافی ئافرەت ناگرێ! کەچی ئەو هەر دەگاتە لای دایکی، دەست بە پیلان گێڕان و دژایەتی بیروڕای من دەکات»

ژنەکە، ئاوڕێکی خێرای لای کۆرپەکەی دایەوە.

«ئەمجارەیش هەر دەبێ ئەو لە ئاشتبوونەوە دا دەست پێشخەر بێ! جاری پێشوش هەر ئەو نەبوو خزایە ناو جێگەم؟!»...

بزەیەک نیشتە سەر لێوی.

«دەزانم لەسێ ڕۆژ زیاتر خۆی پێ ڕاناگیرێ. سەرە مانگان تا پێنج ڕۆژەکە تەواو دەبێ خەریکە شێت بێ»!..

یەک پەنجە، جامەکەی لای خۆی داخزاندە خوارەوە.

«هیچ کارێکم بێ ئەو نەکردووە نەوەک بڵێ ئەگەر مەجال درایە ئافرەت، سواری ملی پیاو دەبێ و ڕێز لەبوونی پیاو ناگرێ! بەڵام هەر کە چاوی بەدایکم دەکەوێ هەموو دەمارەکانی جووت دەبن و ئەقڵی



تێک دەچێ»!

پیاوەکە، ئەم بڕیارەی لەگەڵ دووکەڵی جگەرەدا هەڵکێشا:

«دەبێ ئەو قسە بکا! هەرنەبێ من پیاوی ئەوم و کەسایەتی پیاو لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێ پارێزراوبێ»!

ژنەکە، لەپەنجەرەی لای خۆیەوە سەیرێکی دەرەوەی کرد. تەزوویەکی سارد هەموو گیانی پێکا.

«ئەگەر پیاو بایەخ بەکەسایەتی ژنەکەی نەداو، هەموو شتێکی هەر بۆ لای خۆی ڕاکێشا دەبێ فاتیحەی یەکسانی بخوێندرێ! هەر دەبێ ئەو هەنگاوی ئاشتبوونەوە بنێ»..

پیاوەکە، تەپڵە جگەرەکەی ڕاکێشایەوە دەرەوە، جگەرەکەی تیادا پلیشاندەوەو پاڵی دایەوە ژوورەوە.

«تەنانەت ئەم جگەرەیەی دەیکێشم دەبێ لەسەر زەوق و سەلیقەی خۆی و دایکی بێ! خۆ ئەو کارەساتەی دایکی لە سەر ناو نانی ئەم مناڵە نایەوە، جەولەیەکی ڕاست و دروستی شەڕ بوو.

من ناچارنیم ناوی باوکی خوالێخۆشبووی جەنابی خەسووم بنێمە سەر منداڵەکەم! ئەو مافی بەسەر ئەم شتانەوە نیە.

پیاوەکە دوا جگەرەی داگیرساندو پاکەتە بەتاڵ بووەکەی، لەپەنجەرەی لای خۆی فڕێدایە دەرەوەو، زوو جامەکەی هەڵکێشایەوە، ژنەکەویستی پەنجەرەکەی لای خۆی بکاتەوە، بەڵام لەنیوەی ڕێگادا دەستی کێشایەوە.

«هەر هەڕەشە دەکاتە سەر دایکم. گوایە دایکی ئەو فریشتەیە! دەست لە وردو درشتی ژیانمان وەردەدا. کچم ئەم شقارتەیە ناعەسلە مەیکڕە! ئەوە بۆ جامی پەنجەرەکانت نەسڕیوەتەوە! ناو ئەو کەوەنتەرەت بۆ وا شپرێوە! ئەڵێی بوومە لەرزە لە ماڵتانی داوە هیچ شتێک بەسەریەکەوە نەماوە! سەیر ئەو پەردەیەکە، لەوە دەچێ ساڵی

جارێک تەڕایی ئاوی پێ نەکەوێ! ئەم تەلەفزیۆنەتان بۆ لێرەداناوە، ئێرە کەی جێگەی تەلەفزیۆنە...

ئیدی کە دێتە لامان نایبڕێتەوە، بڵێ پیرەژن تۆ چ مافت بەماڵی منەوەیە! گەلێ ئازای ماڵی خۆت ڕێک بخە.. خۆ لەسەر ناو نانی ئەم منالّە کارێکی کردووە کارستان...

لەپێش دەرگای حەوشە، سەیارەکە ڕاوەستا. ژنەکە خێرا دابەزی و دەرگای دواوەی کردەوەو بەئەسپایی منالّەکەی لە ئامێزگرت و گورج بەرەو دەرگای ماڵ چوو. کەوتە بیری کلیلی دەرگا لای پیاوەکەیەتی. پیاوەکە دەرگای کردەوەو بەبێ دەنگی ڕێگای دا، ژنەکەی لە پێشان بچێتە ژوورەوە، ژنەکە بەهێواشی مندالّەکەی لەسەر قەنەفەیەک درێژ کرد. پیاوەکەیش تەلەفزیۆنەکەی هەڵکردو لەسەر قەنەفەی بەرامبەر دانیشت. ژنەکەش دوای کورتە ماوەیەک، هات و لەسەر هەمان قەنەفە، بەڵام دوور لە پیاوەکەی، لە بەرامبەر تەلەفزیۆن دانیشت. پیاوەکە، هەستی بە بێزاری کرد، هەستا جلەکەی گۆڕی و چووە ژووری نووستن.

ژنەکەیشی لەناو جلەکانی گەڕا، کراسە تەنکە سوورەکەی، کە هەمیشە ورەی پیاوەکەی هەپڕون دەکردو، سپیاتی پێستی جەستەی تێکەڵ بە ڕەنگێکی ئاڵی وروژێنەر دەکر دکێشا بە بەریداو، تەلەفزیۆن و گڵۆپەکانی کوژاندەوەو کۆرپەکەی لە ئامێزگرت و، بزەیەک بە سەرلێوانیدا، خزایە ژووری خەوتنەوە.